گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر خێزانە ئاوارەبووەکانی موسڵ

علي زيدان أحمد
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ئیراق
alizedan@gmail.com

زانا أحمد بيرداود
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ئیراق
zana.perdawd@su.edu.krd

صباح أحمد محمد نجار
بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، ئیراق
Sabah.najar1@su.edu.krd

زانیاریەکانی توێژینەوە

بەرواری توێژینەوە:
وەرگرتن: 2020/2/
پەسەندکردن: 2020/5/19
بڵاو کردنەوە: بەهاری2020

ووشە سەرەکییەکان

*Gender*

## پوختە

بابەتی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی یەك لەو بابەتانەیە لە دونیای ئەمڕۆدا هەم بڵاوە و هەم کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کۆی سێکتەرەکانی تری ناو کۆمەڵگا دروست کردووە، هەڵبەتە قسە کردن لەسەر توندوتیژی قسەکردنە لەسەر کۆی ئەو پێشداوەریانەی لە زمان و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی نێوان نێرینەو مێینەدا، واتە هێزێك هەیە لە پشت بە نێرینە کردن و بە مێ کردنی رەگەزەکان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیان بەڵام بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام رەنگدانەوەیەکی نێرسالاریانەی خوڵقاندووەو بۆتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك کۆدی کلتوری زیاتر لە بەرژەوەندی رەگەزی نێرینەدا بوون و هەژمون و هەیمەنەی پیاویان دروست کردووە.

*Violence*

*Desplacment*

*Causes*

*Family*

بەشێکە لە نامەی ماستەر بە ناونیشانی (توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی وپەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر خێزانە ئاوارەبووەکانی موسڵ)

Doi:

10.25212/lfu.qzj.5.2.06

جێگەی سەرنجە ئەوەی ئەم کاریگەرییە زیاتر قوڵ دەکاتەوە دۆخەکانی جەنگ و کوشتار و شکستەباری و ئاوارەیی و دەربەدەر بوونە، بە تایبەت لە ناو ئاوارەکاندا، راستە گەرچی ئاوارەکان زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە، بەڵام کەلتوری خۆیان جێ نەهێشتووە و لەگەڵ خۆیان بردویانەتە ناو چادرگەکانەوە یان ئەو شوێنە ئارامەی بۆی هاتوون، هاوکات بەرئەنجامی هەست کردن بە مەترسی لەسەر ئەم کەلتورە بەشێك لە دانیشتوانی چادرگەکان زیاتر دەستیان بەکەلتوری خۆیانیانەوە گرتووە.

کارێکی هێندە زەحمەت نییە رەنگدانەوەی کلتورو داب و نەریتەکان لەسەر بوون و زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بزانین، لە نموونەی بە زۆر بەشودان و زوو بەشودان و جۆرەکانی تری توندتیژی. بۆیە قسەکردن لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی قسەکردنە لەسەر کۆی ئەو رێکەوتنە دەستەجەمعیانەی کۆمەڵگە ناوی کلتوری لێناون و کۆمەڵێك کۆدی کلتوری پێداون، دیارە بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرهاویشتەی ئاین و مێژوو و ئەزموونی مرۆڤن بە تێپەڕینی رۆژگار تەنانەت مۆرکێکی ئاینیشی پێدەدرێت، خەتەرناکی ئەم سیستمە بەجۆرێکە ناخودئاگایانە خۆی چونەناوەوە (ئنتێرنەلایز) دەکات و بە تێپەڕینی رۆژگار دەبێتە بەشێك لەلایەنی دەروونی کەسەکان، ئیتر بەجۆرێك خۆی نمایش دەکات کەسەکە هەست ناکات کارێکی خراپی ئەنجام داوە، ئەمەش بە روونی دەردەکەوێت لە بابەتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەو فرەژنی و خەتەنەکردنی کچان و بێبەشکردنیان لە خوێندن لە هەموشیان گرنگتر کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف.

خەتەرناکی ئەم هۆکارانە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی لەوەدایە جارێك بە ناوی کلتورەوە خۆی نمایان دەکات و جارێك لە رێگەی رەوشتەکانەوە (ئەخلاقەوە) قەڵەم رەوی دەسەڵاتی خۆی زیاد دەکات و دەبێتە پارێزەری شەرەف و جارێکی دیش دەبێتە زمانگۆی خودا و بەناوی ئاینەوە دێتە گۆڕەپانی ژیان و حەڵاڵ و حەرامەکان دیاری دەکات و کۆمەڵێك پیرۆزی لە خۆیەوە دەئاڵێنێت، پیرۆزی ئاینی و ئەخلاقی و کلتوری و نیشتمانی و بە ناوی خەمی گشتی و پیرۆزی گشتی و بەرژوەندی گشتی تەنانەت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەست دەخاتە ناو وردەکاریترین ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە، دەکرێت خەتەنەکردن وەك نموونە نمایان بدەین.

ئەم هۆکارانەی باسیان لێکرا بێبەش نابن لە دروستکردنی فەزایەکی ناجێگیری کۆمەڵایەتی و نادادی و لە مرۆڤخستنی مرۆڤ و بێ ئەرزش کردنی، ئەم کاریگەریەش رەنگدانەوەی نێگەتیڤ دروست دەکات لەسەر کۆی ئاستەکانی (تاك، خێزان، کۆمەڵگە)،

سەرئەنجام لە باریدا هەیە کە ببێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشەو مەترسی لە سەر هاوبەندی واتە سیستەمی کۆمەڵایەتی و تێکچونی شیرازەی خێزان. هەڵبەتە ئەوەی دۆخەکە خراپتر دەکات ئاوارەبوون و جەنگ و کوشتارە، لە کوێدا جەنگ هەبو لەوێدا کوشتن و ماڵوێرانی و ئاوارەکی هەیە، ئەم خێزانانەی قوربانی توندوتیژی بوون بەگشتی ئەگەری هەیە جارێکی دیش توندوتیژی بەرهەم بهێننەوە لەسەر تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگە، شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیك پێکهاتووە و بە ووردی شیکردنەوەی کۆمەڵناسیانەی هۆکارەکانی توندوتیژی جۆی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش هەردوو خێوەتگەی (خازر M1 و حەسەن شام U2 )ن و لە رووی مەیدانیەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەبووەکانی شاری موسڵ کراوە.

## پێشەکی:

بابەتی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی یەك لەو بابەتانەیە لە دونیای ئەمڕۆدا هەم بڵاوە و هەم کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر کۆی سێکتەرەکانی تری ناو کۆمەڵگا دروست کردووە، هەڵبەتە قسە کردن لەسەر توندوتیژی قسەکردنە لەسەر کۆی ئەو پێشداروەریانەی لە زمان و کلتور و داب و نەریتی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، سەبارەت بە جیاوازی رەگەزی نێوان نێرینەو مێینەدا، واتە هێزێك هەیە لە پشت بە نێرینە کردن و بە مێ کردنی رەگەزەکان و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەیان بەڵام بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی، سەرئەنجام رەنگدانەوەیەکی نێرسالاریانەی خوڵقاندووەو بۆتە هۆی دروستکردنی کۆمەڵێك کۆدی کلتوری زیاتر لە بەرژەوەندی رەگەزی نێرینەدا بوون و هەژمون و هەیمەنەی پیاویان دروست کردووە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جێگەی سەرنجە ئەوەی ئەم کاریگەرییە زیاتر قوڵ دەکاتەوە دۆخەکانی جەنگ و کوشتار و شکستەباری و ئاوارەیی و دەربەدەر بوونە، بە تایبەت لە ناو ئاوارەکاندا، راستە گەرچی ئاوارەکان زێدی خۆیان بەجێ هێشتووە، بەڵام کەلتوری خۆیان جێ نەهێشتووە و لەگەڵ خۆیان بردویانەتە ناو چادرگەکانەوە یان ئەو شوێنە ئارامەی بۆی هاتوون، هاوکات بەرئەنجامی هەست کردن بە مەترسی لەسەر ئەم کەلتورە بەشێك لە دانیشتوانی چادرگەکان زیاتر دەستیان بەکەلتوری خۆیانیانەوە گرتووە.

کارێکی هێندە زەحمەت نییە رەنگدانەوەی کلتورو داب و نەریتەکان لەسەر بوون و زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بزانین، لە نموونەی بە زۆر بەشودان و زوو بەشودان و جۆرەکانی تری توندتیژی. بۆیە قسەکردن لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی قسەکردنە لەسەر کۆی ئەو رێکەوتنە دەستەجەمعیانەی کۆمەڵگە ناوی کلتوری لێناون و کۆمەڵێك کۆدی کلتوری پێداون، دیارە بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەرهاویشتەی ئاین و مێژوو و ئەزموونی مرۆڤن بە تێپەڕینی رۆژگار تەنانەت مۆرکێکی ئاینیشی پێدەدرێت، خەتەرناکی ئەم سیستمە بەجۆرێکە ناخودئاگایانە خۆی چونەناوەوە (ئنتێرنەڵایز) دەکات و بە تێپەڕینی رۆژگار دەبێتە بەشێك لەلایەنی دەروونی کەسەکان، ئیتر بەجۆرێك خۆی نمایش دەکات کەسەکە هەست ناکات کارێکی خراپی ئەنجام داوە، ئەمەش بە روونی دەردەکەوێت لە بابەتەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەو فرەژنی و خەتەنەکردنی کچان و بێبەشکردنیان لە خوێندن لە هەموشیان گرنگتر کوشتن لەسەر بنەمای شەرەف.

خەتەرناکی ئەم هۆکارانە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی لەوەدایە جارێك بە ناوی کلتورەوە خۆی نمایان دەکات و جارێك لە رێگەی رەوشتەکانەوە (ئەخلاقەوە) قەڵەم رەوی دەسەڵاتی خۆی زیاد دەکات و دەبێتە پارێزەری شەرەف و جارێکی دیش دەبێتە زمانگۆی خودا و بەناوی ئاینەوە دێتە گۆڕەپانی ژیان و حەڵاڵ و حەرامەکان دیاری دەکات و کۆمەڵێك پیرۆزی لە خۆیەوە دەئاڵێنێت، پیرۆزی ئاینی و ئەخلاقی و کلتوری و نیشتمانی و بە ناوی خەمی گشتی و پیرۆژی گشتی و بەرژوەندی گشتی تەنانەت دەست دەخاتە ناو وردەکاریترین ژیانی تایبەتی کەسەکانەوە، دەکرێت خەتەنەکردن وەك نموونە نمایان بدەین.

ئەم هۆکارانەی باسیان لێکرا بێبەش نابن لە دروستکردنی فەزایەکی ناجێگیری کۆمەڵایەتی و نادادی و لە مرۆڤخستنی مرۆڤ و بێ ئەرزش کردنی، ئەم کاریگەریەش رەنگدانەوەی نێگەتیڤ دروست دەکات لەسەر کۆی ئاستەکانی (تاك، خێزان، کۆمەڵگە).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرئەنجام لە باریدا هەیە کە ببێتە هۆی دروستکردنی هەڕەشەو مەترسی لە سەر هاوبەندی واتە سیستەمی کۆمەڵایەتی و تێکچونی شیرازەی خێزان. هەڵبەتە ئەوەی دۆخەکە خراپتر دەکات ئاوارەبوون و جەنگ و کوشتارە، لە کوێدا جەنگ هەبو لەوێدا کوشتن و ماڵوێرانی و ئاوارەکی هەیە، ئەم خێزانانەی قوربانی توندوتیژی بوون بەگشتی ئەگەری هەیە جارێکی دیش توندوتیژی بەرهەم بهێننەوە لەسەر تاکەکانی خێزان و کۆمەڵگە، شایەنی باسە ئەم توێژینەوەیە لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیك پێکهاتووە و بە ووردی شیکردنەوەی کۆمەڵناسیانەی هۆکارەکانی توندوتیژی جۆی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی توێژینەوەکەش هەردوو خێوەتگەی (خازر M1 و حەسەن شامU2 )ن و لە رووی مەیدانیەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوارەبووەکانی شاری موسڵ کراوە.

یەکەم: رەگەزە سەرە کییەکانی توێژینەوەکە

رەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوە گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە وەك تەوەرێکی بنچینەیی توێژینەوە دێتە ئەژمار و سەرلەبەری توێژینەوەکە لە ژێر بنەمای ئەم رەگەزە سەرکیانە دادەڕێژێت، لە گرنگترین ئەم رەگەزە سەرەکیانەی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. کێشەی تویژینەوەکە:

لە رەگەزە بنەڕەتیەکانی توێژینەوەی زانستی دیاریکردنی کێشەی توێژینەوەیە پێویستی بە شیکردنەوە هەبێت یان بابەتێك بیربۆچوونی جیاوازی لەسەر بێت (هواس، 2015: ل2).

هەڵبەتە خاڵی سەرەکی لە دیاریکردنی کێشەی ئەم توێژینەوەیەدا بریتیە لەوەی هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی تا چەند بوەتە هەڕەشە و مەترسی لەسەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی، بە تایبەت لە ناو ئاوارەکاندا لە بارودۆخێکی مرۆیی سەختدا گوزەرانیان کردووە تا ئێستاش هەندێکیان لە ناویدا دەژین، واتە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بزانێت تاچەند ئاوارەبوون و بارودۆخی مرۆیی قورسایی دەخاتە سەر زیاد بوون یان کەم بوونی توندوتیژی لە ناو خێزانە ئاوارەکانی موسڵ چ پەیوەندیەکی هەیە بە دروستبوونی توندوتیژی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وەك هۆکار؟

2. گرنگیەکانی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەكی زانستی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، جێگەی سەرنجە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خالآنەی لای خوارەوەدا بەرجەستە دەبێت:

أ – لە رووی تیۆریەوە:

1. ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەیەكی رچەشكێن دادەنرێت، تا ئەو شوێنەی توێژەر ئاگادار بێت لە بواری هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی، واتە ئەم توێژینەوەیە لە بابەتێكی هەستیاری ناو كۆمەڵگە دەدەوێت بە گشتی و بە تایبەت لەسەر خێزانە ئاوارەكانی موسڵ كە بەشێوەیەكی زانستی كۆمەڵناسیانە ئەنجام درابێت.
2. بەو پێیەی خێزان یەكەی بنچینەییە لە كۆمەڵگەدا، ئەم توێژینەوەیە باس لەو جێكەوتانە دەكات لەسەر ئاستی تاك و خێزان و كۆمەڵگە دەشێت هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی دروست بكات و بخاتە ژێر هەڕەشە و مەترسی واتە بابەتێكی چارەنوس سازی خستۆتە بەر باس وتوێژینەوە.

ب – لە رووی پراكتیكیەوە:

1. لەبەر ئەوەی تا ئێستا، بەپێی زانیاریمان، وەك پێویست لە رووی مەیدانیەوە لەم بوارەدا توێژینەوەی پێویست نەكراوە بە تایبەت لە رووی بە یەكبەستنەوەی پەیوەندی نێوان (هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی) لەبەر ئەوە دەكرێت لە رێگەی ئەم توێژینەوەیەوە چەندین داتا و زانیاری نوێ و واقیعیانە بخەینە بەردەست بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی كرداری سوودی لێ وەربگیرێت لە دواڕۆژدا.
2. دەكرێت لایەنە پەیوەندیدارەكان وەك دەزگا حكومی و ناحكومیەكان سود لە ئەنجامی راسپاردە و پێشنیارەكانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بە مەبەستی كەمكردنەوەی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی و رێكخستنی خێزان لە كۆمەڵگا و چۆنیەتی داڕشتنەوەی چوارچێوەیەكی ئەخلاقی بۆ ژیانێكی شایستەی خێزانی بۆ ئاوارەبوان ئەمەش خۆی لە خۆیدا كاركردنە لەسەر هاوبەندی كۆمەلایەتی.
3. ئامانجەكانی توێژینەوەكە:

ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوە بریتیە لە ئاشكراكردنی (هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی)، ئەم ئامانجە سەرەكیەش چەندین ئامانجی لاوەكی لێ دەبێتەوە، بریتین لە:

أ. كاریگەری گۆڕاوە سوسیودیمۆگرافیەكان لەسەر هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ب. ناسین و خستنە رووی گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا.

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

دیاریکردنی چەمکەکان یارمەتیدەدەرێکی باشە لە روونکردنەوەی هەر توێژینەوەیەکدا و ئەم چەمکانە و ئەو مانایانەشی کە دەشێت ئەم چەمکانە لە خۆی بگرن بۆ ئەوەی لە رێگەیانەوە بەرچاوروونیەکی باشتر بخرێتە روو، لە گرنگترین ئەو چەمکانەش: -

1. توندوتیژی

توندوتیژیی وەک کردەیەکی کۆمەڵایەتی بریتیە لە بەکارهێنانی فشار یان هێز بەشێوەیەکی نارەوا یان نایاسایی کاریگەریی هەبێت لەسەر ویست و ئارەزوی کەسێکی تر (بدوی، ١٩٧٨: ص٤٤١)، یان بریتییە لە هەر کردەیەکی زارەکی، جەستەیی یا ناچارکردن رووبەرووی کەسێک دەکرێت و دەبێتە هۆی ئازارێکی جەستەیی یا دەروونی یا لەدەستدانی کەسەکە، (حامد، ٢٠١٢: ص٤٣٩).

هەروەها پێناسە کراوە بەوەی "ئەو ئاکار و کردارەیە کە سیفەتی دوژمنکارانەی هەیە، لە لایەنێکەوە ئەنجامدەدرێت کە رەنگە تاکەکەس بێت یان کۆمەڵە کەسێک یا دەوڵەت بێت بەمەبەستی ملکەچ پێکردن و زاڵ بوونە بەسەر لایەنی بەرامبەردا، کە پەیوەندییەکانی ئەم دوولایەنە نابەرابەرە لەرووی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە، کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندنی مادیی یا کۆمەڵایەتی یا دەروونی بەرامبەر لایەنی قوربانی" (عبدالوهاب، 2000: 16).

شتراوس (1997) پێناسەی توندوتیژیی کردووە بەوەی کە وەڵامدانەوەی وروژێنەرێکی دەرەکییە، کە ئازار بەکەسێکی تر دەگەیەنێت، کە بارگاوییە بە هەڵچوون و تورەیی و خرۆشان و شەرانگێزیی. (شکور، 1997: 32).

هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە بریتییە لەبەکارهێنانی هێزی بازوو بەرامبەر کەسانی تر کە ببێتە هۆی ئازار یاخود زیانی جەستەیی و دەکرێت لە هەمان کاتدا ببێتە هۆی ئازاردان و زیانی دەروونی و کۆمەڵایەتی وەک زیانگەیاندن لەرێی لەکەدارکردنی کەسایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی. (عبدالعال، 1993: 6).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە هەمان کاتدا، کاتێک گوێبیستی زاراوەی (توندوتیژیی خێزانی) دەبین هزرمان بۆ ئەو جۆرە توندوتیژییە جەستەیی و دەروونییە دەچێت لەلایەن پیاوەوە وەک ڕەگەزی نێر، دەکرێتە سەر ژن، وەک ڕەگەزی مێ. ئەمەش لەخۆوە نەهاتووە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسانەی کە هەندێک لە نووسین و پێناسەکاندان هاتوون سەبارەت بەم زاراوەیە. (سکوت و مارشال، ٢٠١١: ص٤٨٢) بەڵام ئەگەر بە مانا فراوانەکەی سەیری ئەم زاراوەیە بکەین ئەوا زاراوەکە هەموو ئەو توندوتیژییە جەستەیی و دەروونی و ئابووری وکۆمەڵایەتییانە دەگرێتەوە کە لەنێو خێزانێکدا ئەنجام دەدرێت لەلایەن هەریەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە بەرامبەر بە ئەندامێکی تر. جا ئەو لایەنی دەستدرێژیکار یا قوربانی لە هەر ڕەگەزێک بێت. (ابومصلح، 2010: ص54).

پێناسەی ڕێکاریی: هەر کردەیەکی زارەکی یا کرداری لەلایەن ئەنجامدەر، تاک بێت یا گروپێک، بەکاربهێنرێت دژ بە قوربانی، تاک بێت یا گروپ، بەزاڵبوونی لایەنی جێندەریی بەسەر کردەکەدا، کە ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی یا دەروونی یا کۆمەڵایەتی و کاریگەریی نەرێنی لەسەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی بەسەر تاکەکەس و خێزانە ئاوارەکانی موسڵەوە دروست بکات.

2. جۆری کۆمەڵایەتی:

لەدوای لێکۆڵینەوە یەک لەدوای یەکەکانی ساڵانی پەنجا تا حەفتاکان، زانا کۆمەڵناسەکان چەمکێکی نوێیان بەکارهێنا بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە کە ئەویش چەمکی "Gender" (النوع الاجتماعي) بوو، زانا کۆمەڵناسە عەرەبەکان لەبەرامبەر ئەم چەمکەدا "النوع الإجتماعي" بەکاردەهێنن و لە زمانی کوردیشدا چەمکی "جۆری کۆمەڵایەتی". (عومەر، ل23-24).

لەرووی مێژووییەوە کاتێک باس لە جۆری کۆمەڵایەتی کراوە راستەوخۆ سەرنج بۆ ئەو پێویستیانە رۆیشتووە کە ژنانی لێ بەهرەمەند نەبوون بەراورد بە پیاوان. بەڵام لەم دواییەدا سەرنج بۆ ئەوە رۆشتووە کە ئایا پیاوان و کورانیش لە چ حاڵەتێکدان لە حاڵەتە قەیراناوییەکاندا (IASC ، 2006:،p1)، ئەم چەمکە لەلایەن بزووتنەوە فیمینیستییەکانەوە گرنگی و بایەخێکی زۆری پێدرا، بەشێوەیەک بووەتە بەردی بناغەی هەموو وتارێکی لێکۆڵەرەوانی فیمینیستی، (Bailey،2008: P10 )، مانای ئەم چەمکە بریتییە لەو جیاوازییە ناهاوتا کۆمەڵایەتییەی لەنێوان مێینە بوون و نێرینە بووندا دروست دەبێت بەهۆی کلتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانەوە. (Scott،p274:2014 ) زاراوەی جۆری کۆمەڵایەتی

جیاکەرەوەی چەمکی (رەگەز)ە لە چەمکی (جۆر). بوونی رەگەز (نێر و مێ) حاڵەتێکی بایۆلۆژییە، بەڵام جۆر بریتییە لە وێنا و تێڕوانینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بۆ هەردوو رەگەزی نێر و مێ (ئەسوەد، 2015: ل157)

جۆری کۆمەڵایەتی مەبەست لێی زاراوەیەکی زمانەوانییە کە بەمانای جۆر، چەشن، یا بنەچە دێت، کە زیاتر لە زمانی فەرەنسیدا بەکارهاتووە و دواتر بەسەر مانای رەگەزی مرۆڤدا چەسپاوە (ئەسوەد، 2015: ل155).

بەشێوەیەکی تر، دەستەواژەی "جۆری کۆمەڵایەتی" ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کلتورییەی کە کۆمەڵگا بەسەر تاکەکانیدا دەیسەپێنێت لەسەر بنەمای جۆری رەگەزی بایلۆجی، کە لێرەدا دەستەواژەی "Gender Roles" دێتە ئاراوە، کە مەبەست لێی ئەو رەفتار و هەڵسوکەوتە جیاوازانەیە کە کۆمەڵگە چاوەڕوانی دەکات لەهەریەکێک لە رەگەزی مێ و رەگەزی نێر بە جیاوازی. (Barkan,2012:p363).

ئەم پێناسانەی سەرەوە ئەو راستییە دەردەخەن چەمکی جۆری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دوبارە وەبەرهێنانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ رەگەزەکان، لەمەشدا کەلتوری کۆمەڵایەتی رۆڵی سەرەکی خۆی دەبینێت لە پشت بە نێرینە کردن و بە مێینە کردنی رەگەزەکانەوە، کار لەمەدا ناوەستێت و ئەم بە نێرینە کردن و بە مێینە کردنە کۆمەڵێك ئەرك و مافی نابەرامبەر بەسەر هەریەکە لە رەگەزی نێرینە و مێینەدا دەسەپێنێت، تیایدا زیاتر ئافرەتان دوچاری بێ دادی و کەم مافی دەبنەوە.

پێناسەی رێکاری: جۆری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لەو (جیاوازییەی کۆمەڵگەی ئاوارەکانی پارێزگای موسڵ لە ناو خێوەتگەکانی خازر M1 و حەسەن شام U2 لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و گروپەکاندا دروستی دەکات لە نێوان رەگەزی نێر و رەگەزی مێدا لەسەر بنەمای جیاوازی جێندەرییان و کاریگەری لەسەر کۆی هاوبەندی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە).

3. خێزانی ئاوارە:

لە سەرەتادا هەریەك لە چەمکەکانی خێزان و ئاوارە دەخەینە روو دواتریش خێزانی ئاوارە وەك زارەوەیەکی بنەڕەتی ئەم توێژینەوەیە پێناسە دەکەین

زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی ئۆگست کۆنت (١٧٨٩-١٨٥٧) پێناسەی خێزان بەوە دەکات کە گرنگترین یەکەی کۆمەلایەتییە لە کۆمەڵگەدا کە بەرهەمی ژیانی کۆمەڵایەتی

و مرۆڤایەتییە و سروشتێکی ئاکاریی ئەخلاقی هەیە بەو پێیەی ئەندامانی خێزان ئارەزوویەکی هەمەلایەنیان هەیە بەرامبەر یەکتری (عبدالباقي، 1972: ص202).

لە روانگەی کۆمەڵناسییەوە چەمکی "خێزان" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك شوێنگە و رۆڵی تایبەتی بەدەستهاتوو لە رێگەی هاوسەرگیریی و لەدایکبوونەوە لە شێوە سادە گشتییەکەیدا پێکهاتووە لە (ژن و مێرد و لەگەڵ منداڵ یا بەبێ منداڵەکانیان)، خێزان بە گرنگترین هۆیەکانی دروستبوونی هەر کۆمەڵگەیەک دادەنرێت بەو پێیەی یەکەمین ویستگەیە تاک تیایدا ئاشنا دەبێت بەو کۆمەڵگەیەی تیادا دەژی، هەروەها بە بەراورد بە دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە تارادەیەک دامەزراوەیەکی بەردەوامە بە بوونی ژن و مێرد و منداڵەکانیان. (الحسن، 1999: ص397).

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بە چەمکی ئاوارە دەبینین کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی پەنابەران پێناسەی ئاوارە دەکات بەوەی بریتیە لە (کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك کە بە زەبری زۆر ناچار کراون ماڵ و حاڵی خۆیان بە جێ بهێڵن و روبکەنە شوێنێکی دی بە مەبەستی دوور کەوتنەوە لە کاریگەرییەکانی ململانێی چەکداری، توندتیژی، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، یان دورکەوتنەوە لە کارەساتی سروشتی یاخود دەستکرد، لە چوار چێوەی سنوری وڵاتێکی دیارکراودا) (UNHCR, 2006: P8 ).

هەروەها ئاوارەبوون بریتییە لە بەزۆر ناچارکردنی کەسێک یا کۆمەڵە کەسانێک راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ بە بەجێهێشتنی شوێنی نیشتەجێبوون و کاری رۆژانەی خۆیان و رووکردنە شوێن و جێگایەکی تر و بەمەبەستی خۆپاراستن و رزگاربوون و نیشتەجێبون لەو شوێنەی تردا. کە ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کە بەهۆی چەند فاکتەرێکەوە روو دەدات لەدیارترینیان بەهۆی ململانێی سەربازیی. هەروەها کارەساتی سروشتی، برسێتی، گۆڕانکاریی و قەیرانی ئابوری زۆرکات دەبنە هۆی ئاوارەبوون. (UNESCO, 2017)

هەردو پێناسی سەرەوە دەرخەری ئەو راستیەن زۆرەملێی و ناچار کردن هۆکاری ئاوارە بوونن بە مەبەستی خۆپارێزی، بەڵام ئەوەی ئەم دو پێناسە جیا دەکاتەوە لە یەکدی کۆمسیۆنی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات ئاوارەبوون لە ناو سنوری جوگرافی وڵاتێکدا بەڕێوەدەچێت، لە کاتێکدا پەنابەرێتی سنوری دەوڵەتێکی دیاری کراو تێدەپەڕێنێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسەی رێکاری: خێزانی ئاوارە ئەو کۆمەڵە ئەندامەن لە یەك خێزاندا دەژین وەك یەکەیەکی بنچینەیی خاوەنی شەرعیەتێکی یاسایی، کلتوری، ئاینین و دایك و باوك و منداڵەکانیان پێکدێن هاوکات پێکەوە ناچار کراون یان ناچار بوون ژینگە و شوێنی نیشتەجێبوون و شوێنی بژێوی ژیانیان بەجێبهێڵن لە ئەنجامی شەری داعش و گروپە تیرۆرستیەکان لە ساڵی 2014 وە لە پارێزگای موسڵ و لە شوێنێکی جیاواز لە ناوچەکەی خۆیان نیشتەجێ ببن.

4. توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی (Gender-based Violence)

توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی چەمکێکی گشتگیریی کۆمەڵایەتییە بەکاردێت بەرامبەر هەر کردەیەکی زیان گەیاندن بە وتە یاخود کردەیی کە ئەنجام دەدرێت بەرامبەر خواست و ویستی تاك لەسەر بنەمای ئەو جیاوازیە کۆمەڵایەتییانەی کە کۆمەڵگە بەرهەمی هێناوە لەنێوان نێر و مێ لەلایەک وە لە نێوخودی رەگەزی نێر و لەنێوخودی رەگەزی مێ لەلایەکی تر. زۆرجار لەمانای ئەم چەمکەدا چەمکی "توندوتیژیی دژی ئافرەتان" بەکاردەهێنرێت بەو پێیە لەسەرەتادا سەرنجەکە زیاتر لەسەر ئەو جۆرە توندونیژییانە بوو کە بەرامبەر رەگەزی مێ بەکاردەهێنرا کە دواجار بۆ زیاتر گشتگیرکردنی رەفتاری توندوتیژیی برەو بە دەستەواژەی "توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی" (ألاینس، 2015: ص17) کە ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو لەو بوارەدا بەجۆرێک رێگری کرد لەو هەڵەیەی وا دەبینرا کە توندوتیژیی جێندەری تەنها ئەو توندوتیژییانە دەگەرێتەوە کە رەگەزی نێر بەرامبەر رەگەزی مێ ئەنجامی دەدات.

زاراوەی توندوتیژی بە پێی جۆری کۆمەڵایەتی وەك چەترێك کۆی ئەو ئاکار و کردارانە لە خۆ دەگرێت کە مەبەست لێی ئازار گەیاندنە بە رەگەزی بەرامبەر لە ئەنجامی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوە دێنە کایەوە، لە نموونەی ئازار گەیاندنی جەستەیی، دەروونی، بێبەشکردن لە سەرچاوەکان، زوو بەشودان و بە زۆر بەشودان (UNFPA, 2018: P7 ).

پێناسەی رێکاری: توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە (هەر کردەیەکی زارەکی یا کرداری لەلایەن ئەنجامدەر، تاك بێت یا گروپێک، بەکاربهێنرێت دژ بە قوربانی، لەسەر بنەمای جیاوازی جۆری کۆمەڵایەتی (جێندەریی) کە ببێتە هۆی ئازاری جەستەیی ، دەروونی ، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کاریگەریی نەرێنی لەسەر هاوبەندی و سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دروست بکات لای خێزانە ئاوارەبووەکانی پارێزگای موسڵ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو

1/ توێژینەوەی ئاوات محمد (٢٠٠٣) لە ژێر ناونیشانی (توندوتیژیی خێزانی، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ژنانی شاری سلێمانی و قەزاکانی گەرمیان).

ئامانج لە توێژینەوەکە زانینی ئاستی کردەی توندوتیژییە لە کۆمەڵگەی کوردی، بۆ ئەو مەبەستەش ئامانجی توێژینەوەکەی چڕ کردووتەوە لەسەر خستنەڕووی توندوتیژی لەسەر ژنانی هەردوو ناوچەی سلێمانی و قەزاکانی گەرمیان و بەراوردکردنی ئاستی بوونی توندوتیژیی لەنێوان ئەو دوو ناوچەیەدا و بەراوردکردنی ئاستی توندوتیژی لەسەر ژنانی هەردوو ناوچەکە لەرووی تەمەن، ئاستی گوزەران، ئاستی خوێندن، بوونی منداڵ، شێوازی نیشتەجێبوون. نمونەی توێژینەوە ئەو ژنانەی لە خۆگرتووە کە لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا نیشتەجێبوون لە شاری سلێمانی و ناوچەی گەرمیان (سەنتەری قەزاکانی کەلار، کفری، دەربەندیخان، چەمچەماڵ) لەماوەی نێوان ١/٧/٢٠٠٣ بۆ ١/٨/٢٠٠٣دا. پشت بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی لە رێگای نمونەی هەڕەمەکی بەستراوە بۆ گەیشتن بە قەبارە و ئەنجامەکانی توێژینەوەکە. لە هەردوو ناوچەی بەئامانج گیراو بۆ توێژینەوە (٣٤٨٣) یەکە لە ژنان وەرگیراوە و لەرێی فۆرمی راپرسی تایبەتەوە زانیاریەکان کۆکراونەتەوە. توێژینەوەکە گەشتووە بەو ئەنجامەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر هەموو ئاستەکان توندوتیژیی ئەنجام دەدرێت و لە ئاستێکی بەرزدایە و هۆکارەکانی ئەنجامدانی توندوتیژیی هۆکاری نەریتین هەربۆیە هۆکارەکانی توندوتیژیی لەهەردوو ناوچەی توێژینەوەکەدا لەیەکەوە نزیکن کە بەپێی توێژینەوەکە هۆکارەکانی چڕبوونەتەوە لە هۆکاری (کولتوری کۆمەڵایەتی، ئابوری، ئاستی خوێندن، لایەنی دەروونی، نەریتی کۆمەڵایەتی). توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی هۆکاری (کولتوری کۆمەڵایەتی) وەک پاڵنەری یەکەمی ئەنجامدانی توندوتیژیی دەرکەوتووە کلتوری جیاکردنەوەی رەگەزەکان و زاڵکردنی رەگەزێک بەسەر ئەویتردا وا دەکات کردەی توندوتیژیی لە ئاستێکی بەرزدا بێت. ئەمەش وادەکات کردەی توندوتیژیی بە حاڵەتێکی ئاسایی دابنرێت بەهۆی بوونی ئەو کولتورە جیاکارییە رەگەزییەوە.

2/ توێژینەوەی توانا فەرەیدون حسین (2008) لە ژێر ناوی (هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا ـ توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەنجامدراوە.

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا هەوڵیداوە خستنەڕووی ئاستی هاوبەندی و سیستەمی کۆمەڵایەتی لەنێو خێزانی کوردیدا بخاتە روو و هەروەها تیشک بخاتە سەر گرنگترین ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هاوبەندی و سیستەمی کۆمەڵایەتی نێو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خێزانی کوردی. نمونەی توێژینەوەکەی لە شاری سلێمانی ئەنجامداوە بە شێوازی (نمونەی چینایەتی هەڕەمەکی) بە هەڵبژاردنی (٣٠٠) یەکەی هەڵبژێردراوی هەڕەمەکی و دابەشکردنی فۆرمی زانیاری (Questionnaire) بەسەر نمونە هەڵبژێردراوەکاندا. لە توێژینەوەکەدا ئاستی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکان ، ئابوریەکان ، ئاینیەکان ، راگەیاندن ، رامیارییەکان لەسەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی نێو خێزانی کوردی خراوەتە روو. توێژەر لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا ئەوەی بۆ روون بووتەوە جیاوازی ئاستی رۆشنبیریی ژن و مێرد و خراپی باری ئابوری هاوبەندی کۆمەلایەتی لە خێزاندا لاواز دەکات، بەپێچەوانەوە پابەندبوونی ئاینی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەندامانی خێزاندا بەهێز دەکات. هەروەها توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەکەی هێرشی کلتوری رۆژئاوایی کاریگەری نەرێنی بۆ سەر هاوبەندی کۆمەڵایەتی خێزانی کوردی هەبووە و بەپێچەوانەوە رەوشی رامیاری لە هەرێمی کوردستان کاریگەری ئەرێنی لەسەر هاوبەندییە کۆمەڵایەتییەکە هەبووە.

3/ توێژینەوەی سندوقی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ دانیشتوان (2018) (UNFPA) لە ژێر ناوی The assessment of the needs of and the services provided to gender based ) (violence survivors in Iraq (هەڵسەنگاندنی پێویستی و خزمەتگوزاریەکانی رزگاربوانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە عیراق) بە مەبەستی دیاری کردنی گرنگترین جۆرەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و هەڵسەنگاندنی پێویستی و خزمەتگوزاریەکانی پێشکەشکراو بۆ رزگاربوانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی ئەنجام دراوە.

جێگەی سەرنجە ئەم توێژینەوەیە هەردو میتۆدی چەندیەتی و چۆنیەتی بەکارهێناوە تیایدا چاوپێکەوتن لەگەڵ 1000 رزگاربوی توندوتیژی کۆمەڵایەتی جۆری و 200 بەڕێوەبەری کەیس کراوە، لەگەڵ ئەنجامدانی چەندین گفتوگۆی فۆکەس گروپ لەگەڵ رێکخراو و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بە پرسی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

ئەم توێژینەوەیە لە 11 پارێزگای عیراقدا ئەنجام دراوە و بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە گەیشتوە:-

1. لە گرنگترین جۆرەکانی توندوتیژی بریتی بوە لە توندوتیژی سۆزداری بە رێژەی 30% و بێ بەشکردن لە سەرچاوەکان بە رێژەی 25% توندوتیژی خێزانی بە رێژەی لە 16% و توندوتیژی جەستەیی بە رێژەی لە 15%.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. لایەنی پیادەکاری توندوتیژی جۆری بە رێژەی لە 32% لەلایەن هاوسەرەکانەوە ئەنجامدراوە و رێژەی 16% لەلایەن باوك و لە 11% لەلایەن برا و لە 4% یش لەلایەن دایکەوە ئەنجام دراوە.
3. ئاستی بە دەست گەیشتنی خزمەتگوزاریەکان بۆ ئاوارەکان بە رێژەی لە 64% و بۆ پەنابەران بە رێژەی 78% بۆ گەڕاوەکان بە رێژەی 31% و بۆ کۆمەڵگەی خانەخوێ بە رێژەی 49% بووە. (UNFPA, Assessment Report, 2018)

چوارەم: هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

دیاردەی کۆمەڵایەتی تەنها یەک هۆکار نابێتە هۆی دروست بوون و بڵاوبوونی، بەڵکو دەکرێت بۆ سەرهەڵدانی یەک دیاردە چەندین هۆکار بەشداربن لە سەرهەڵدانیدا. لە دیاردەی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی چەندین هۆکار هەیە بۆ سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا. هەندێ لەو هۆکارانە ریشەیین و بەشێوەیەکی گشتی و کاریگەر لە زۆربەی جۆرەکانی توندوتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی بەشدارن و دەبنە هۆکاری زۆر بنچینەیی لەسەر تاك و کۆمەڵگە، لێرەدا هەندێ هۆکار دەخەینە روو:

1. کلتور و داب و نەریت:

دەتوانین بڵێین کە پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کەلتوریەکان کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر تاك و خێزان و کۆمەڵگە بە جۆرێك لە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەندا دەبنە بەشێك لە بونیادی کەسیەتی مرۆڤ و ناخود ئاگایانە کاری خۆیان دەکەن، بۆ نمونە دەبینین لە رووی کەلتوریەوە هیچ رێگریەکی ئەوتۆ نیە بۆ پراکتیزەکردنی خەتەنەکردنی ژنان، هاوسەرگیری پێشوەخت و هاوسەرگیری بە زۆر و ژن بە ژن. (ئەسوەد و سیوەلی، 2016: ل 20).

کلتور خاڵی بنەڕەتی و سەرەکی هەمو کۆمەڵگەیەکە بە جۆرێك هەمو نەتەوەیەك لە جیهان بە کەلتوری تایبەتی خۆی دەناسرێتەوە و وەك رێسا و بنەمایەکی کۆمەڵایەتی کاری خۆی دەکات و لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵگەکەدا بەکار دەهێنرێت و نەریتی رۆژانە وەك شێوازێکی ئاسایی جێبەجێدەکرێت لەلایەن هەمو تەمەن و چینە جیاوازەکان بۆیە هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی دروست کردنی جیازلی لە نێوان هەردو رەگەزی نێر و مێ و ئەم جیاوازیەش رێژەییە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی تر دەگۆڕێت.

2. ترس لە شەرەف پارێزی/ناموس پارێزی:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نوسەری عەرەب حەلیم بەرەکات پێی وایە کەلتوری رۆژهەڵات بە گشتی بریتی لە کەلتوری هەستکردن بە شەرمەزاری (الشعور بالعار) لەبەر ئەوە لە ناو ژینگەی خێزانیدا بوونی کچان وەك سەرچاوەیەکی شەرماوەر سەیر دەکرێت ئەمەش وا دەکات توندوتیژیان لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بەرامبەر ئەنجام بدرێت. (برکات، 2006:ص351).

بۆ نمونە ئەنجامی توێژینەوەیەکی رێکخراوی PDO و تێراتیك ( PDO & TERRA TECH) لە کەمپی ئاوارەکانی گەرمیاندا ئەنجامدراوە لە ساڵی (2018) دا ئەو راستیە دەردەخات لەو ماڵانەی ژمارەی کچیان زیاترە رێژەی هاوسەرگیری پێشوەختە تیایاندا 9 بەرابەری ئەو خێزانانەیە کە تەنها یەك کچیان هەیە. (رەشید و ئەوانی دی، ل2018: 20).

ئەم ترسە نێرینە/پیاوان بە درێژایی مێژوو دروستیان کردوە و تەنها رەگەزی بەرامبەریان وەك شەرمەزاری نیشان داوە بەڵام لە راستیدا ئەوەی تاوانەکە ئەنجام دەدات وەك لاقەکردن و دەستدرێژی سێکسی و چەندین هەڵسوکەوتی نابەجێ بەرامبەر بە مێینە/کچان/ژنان لەلایەن پیاوانەوەیە (نێرینەکانن)، لەبەر ئەوەی ژیان پێکدێت لە کێبڕکێ کردن لەسەر سودمەندبون بە باشترین شێوە بۆیە پیاوان ئەم هەڵەیان هەڵقۆستۆتەوە وەك خاڵێکی لاواز بەرامبەر بە رەگەزی بەرامبەر (ئافرەتان).

3. تێگەیشتنی هەڵە لە ئایین:

ئایین بە گشتی لە کۆمەڵگەی عەرەبی و عێراقدا خاوەنی پێگە و کاریگەری خۆیەتی و ریشەیەکی قوڵی مێژویی لە هەناوی کۆمەڵگەدا داکوتاوە ئەمەش خۆی لە خۆیدا پێکداچوونێکی دروستکردووە لە نێوان کەلتوور وئایین بە جۆرێك ئێستا ئێمە کەلتوری بە ئایینبوو و ئایینی بە کەلتوربووشمان هەیە، لە نمونەی خەتەنەکردنی کچان و ژن بە ژن و بەزۆر بەشوودانی کچان و کوشتن لەسەر شەرەف، هەروەها بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە مافی باوکایەتی و پێیان وایە لە رووی شەرعەوە باوك ئەم دەسەڵاتەی پێدراوە. (گوانی، 2012: ل55).

هەروەها لەو هۆکارانەی ریشەیی و گشتین، ئەو جیاکارییە کۆمەڵایەتییەیە لەناو کۆمەڵگەدا پەیرەو دەکرێت لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزی. واتە سەیرکردن و پێدانی رۆڵ بە جیاوازی بۆ هەریەک لە رەگەزی مێ و رەگەزی نێر. هەروەها هۆکارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابەشکردنەی لە رۆڵ و ئەرکەکاندا دیاری دەکرێت لەنێو کۆمەڵگەدا دیسانەوە لەسەر بنەمای جیاوازی رەگەزیی، بۆ نمونە ماڵداریی بۆ رەگەزی مێ و کاری دەرەوە بۆ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەگەزی نێر. هەروەها هۆکارێکی تر بریتییە لەو هێز و دەسەڵاتەی کۆمەڵگە دەیداتە جۆرێک لە ڕەگەزی دیاری کراو بەسەر ڕەگەزی بەرامبەردا. نمونە وەک پێدانی دەسەڵات و هێز بە باوک لەنێو خێزاندا بەسەر ئەندامەکانی تری خێزاندا، دەسەڵاتی برا بەسەر خوشکدا، یاخود لە هەندآ حاڵەتدا بە پێچەوانەوە. بوونی ئەم هۆکارە ڕیشەییانە ئامادەکرایی دەکات بۆ بەشداربوونێکی کارای هۆکار و فاکتەرە لاوەکییەکان لە قوڵبوونەوەی دیاردەی توندوتیژیی.

بە دەوروبەری ئەم هۆکارە ڕیشەییانە چەندین هۆکاری ترن هەن کە بەشدارن لە سەرهەڵدان و تەشەنەکردنی دیاردەی توندتیژیی جۆری کۆمەڵایەتی لەوانە: هەڵوەشانی دامەزراوەی خێزان و دامەزراوەکانی پاڵپشت بۆ خێزان، ڕێگەخۆشکردن بۆ پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ، نەمانی دەسەڵاتی یاسا و ڕزگاربوونی تاوانباران لە سزا، ئاوارەبوون و پەرتەوازە بوونی ئەندامانی خێزان، پشتبەستنی خێزانی ئاوارە بە هاوکارییە مرۆییەکان ڕەنگە تووشی مامەڵی خراپ و خراپ بەکارهێنان ببنەوە، نەمانی سەلامەتی و ئاسایش لە کەمپەکانی ئاوارە و نەبوونی خزمەتگوزرایی پێویست بۆ خێزانەکان، بەکارهێنانی مادە کهولیەکان هەروەها مادە هۆشبەر و سڕکەرەکان، دەستوەردانی کەسی سێیەم لە ژیانی هاوسەریی، خراپی باری ئابوری ، دابونەریتی کۆمەڵایەتی نەگونجاو ، یاسا بەرکارەکان و خراپی باری سیاسی دەوڵەت و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات ...هتد.

هەمو ئەم خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە گرنگی و کاریگەری خۆی هەیە لە سەر زیاد بوونی ڕێژەی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و بە هۆکاری هەرە بنەڕەتی دادەنرێت لە جیهان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی.

پێنجەم: جۆرەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

دیاردەی توندوتیژیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هەڵقوڵاوی کۆمەڵگەیە هەربۆیە وەک هەر دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خەسڵەتی چەند ڕەهەندی و فرەهۆکاریی و خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت. هەربۆیە بەدرێژیی مێژوو چەندین تیۆر و لێکۆڵینەوە تیشکی خستووەتە سەر دیاردەی توندوتیژیی هەریەک لە گۆشە نیگای جیاوازەوە. کاتێک چاودەخشێنیت بە سەرچاوەکاندا چەندین تیۆری جۆراوجۆر باس لە دیاردەی توندوتیژیی دەکەن.

دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت دیاردەی توندوتیژیی لەنێو کۆمەڵگەدا لە دوو جۆردا خۆی دەبینێتەوە: یەکەمیان لەسەر ئاستی پەیوەندییە تایبەتیەکانی نێوان تاک و خێزان و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوڕێ و هاوپیشە و هاوکارانی دەزگایەکی دیاریکراودا ڕوودەدات کە لە زانستی کۆمەڵناسیدا بە وردە ئاست (micro-level) ناسراوە، و دوومیان لەسەر ئاستی پەیوەندییە گشتییەکانی نێو دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکانی کۆمەڵگە و ئەو پەیوەندییە نەتەوەیی و نێودەوڵەتی و پارتە سیاسیەکانی هەر کۆمەڵگەیەدا هەیە کە بە درشتە ئاست (macro-level) ناسراوە. هەربۆیە لەگەڵ ئەوەی هەردوو تێڕوانینەکە لەیەک کاتتدا گرنگی دەدەن بە دیاردەی توندوتیژیی بەڵام شیکردنەوە و تێڕوانینەکانیان لەیەکتر جیاوازە. (Steven، ٢٠١٢، ٣٥P) (وردە ئاست) لەوە دەکۆڵێتەوە ئایا بۆچی تاکەکان پەنا بۆ توندوتیژیی دەبەن، هۆکاری سەرهەڵدانی توندوتیژیی خێزانیی چییە، بۆچی لەنێو دامەزراوەیەکدا کرێکاران و پیشەوەران ڕووبەڕووی توندوتیژیی دەبنەوە یاخود ڕەفتاری توندوتیژیی ئەنجام دەدەن. بەڵام (درشتە ئاست) دەکۆڵێتەوە لە هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ڕێژەی توندوتیژیی، وە ئایا دابەزین و بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە کۆمەڵگەدا پەیوەستە بەچ دیاردە و حاڵەتێکی تری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگە.

ئاشکرایە دیاردەی توندوتیژیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە هەربۆیە بەچەند جۆر و شێوازێک لە کۆمەڵگەدا هەستی پێدەکرێت و دەبینرێت. توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی چەند جۆر و شێوازێک لەخۆ دەگرێت و دەکرێت لەچەند ڕوویەکەوە دابەش دەکرێت، لەڕووی ئەو کردەیەی ئەنجام دەدرێت، هەروەها لە ڕووی ئەو ژینگەیەی کردە توندوتیژییەکەی تیادا ئەنجامدراوە. دەکرێ جۆرەکانی توندوتیژیی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی لەڕووی کردەی توندوتیژییەوە لەم چەند شێوازەی خوارەوەدا ببینرێت:

1. توندوتێژی جەستەیی: بەکارهێنانی هێز بە کردەیی بۆ ئازارگەیاندن بە جەستەی بەرامبەر ببێتە هۆی برینداربوون، ئازارگەیاندن، یاخود لەناوچوونی بەشێک لە جەستە، شێوەکانی (مشتەکوڵە پیاکێشان ، گازلێگرتن ، زللەلێدان ، پاڵپێوەنان، شەق هەڵدان ، ڕاکێشان بەقژ ، تێگرتنی کەلوپەل ، بەکارهێنانی چەک ، بەستنەوە ، خنکاندن ، سوراندنی قۆڵ یاخود پێ ، یەخەگرتن ، ڕێگری کردن لە بەکارهێنانی چارەسەر و دەرمان ، ...هتد) لەخۆ دەگرێت. ئەم جۆرەیان هەرچەندە بە ترسناکترین توندوتیژیی دادەنرێت بەڵام لە ڕواڵەتدا بەسەر کەسەکانەوە دەردەکەون کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ زوو فریاکەوتنی حاڵەتەکە لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار و سەلماندنیشی ئاسانتر دەبێت. (EIGE ,2019)
2. توندوتیژیی سێکسی: هەرجۆرە شێوازێک لە ڕەفتار یا کردەیەکی سێکسی یا هەوڵدان بۆی بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجی سێکسی بەبێ ڕەزامەندی بەرامبەر، شێوەکانی (گێچەڵی سێکسی، دەستدرێژی سێکسی، ماچکردن، پاڵخستن،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەستبۆبردن، لەشفرۆشی بەزۆر ، بازرگانی پێوەکردن ، ناچارکردن بە بڵاوکردنەوەی وێنەی نەشیاو و .... هتد) لەخۆ دەگرێت.
ئەم جۆرە لە توندوتیژیی مەترسییەکەی لەوەدایە لەکەداربوونی نێوکۆمەڵگەی بەدوادا دێت کە زۆرجار قوربانی بەو هۆیەوە خۆی بەدوور دەگرێت لە ئاشکرا کردنی بکەری تاوانەکە.
3. توندوتیژیی دەروونی: هەرجۆرە کردە یا وتەیەک ببێتە هۆی ئازاردانی بەرامبەر لەرووی دەروونی و لەکەدارکردنی کەسایەتی ببێتە هۆی ئازاری دەروونی یاخود ببێتە هۆی کەمکردنەوە و شکاندنی کەسایەتی، شێوەکانی (بەسووک سەیرکردن ، هاواربەسەرداکردن ، بیرهێنانەوەی هەڵەکردن ، رەخنەگرتنی بەردەوام ، دەربڕینی نێگەتیڤانە ، خۆسەپاندن و سووک کردن ، بێبەهاکردنی کار ، جیاوازی کردن ، زۆرلێکردن ، ناوزراندن ، هەڕەشە و تۆقاندن ، تفلێکردن ، سوکایەتی پێکردن ، رێگری کردن لە بینینی منداڵ ، هاندانی منداڵ لە دژ ، رێز نەگرتن وسوکایەتی کردن بە کەسوکار ،...هتد) لەخۆ دەگرێت. ئەم جۆرە لە توندوتیژیی مەترسییە گەورەکەی لەوەدایە رەواڵەتی نییە و شاراوەیە هەربۆیە قوربانی بەزەحمەت دەتوانێت بۆ کۆمەڵگە و لایەنی پەیوەندیداری بسەلمێنێت بکەری تاوان چ ئازارێکی پێ گەیاندووە. هەروەها رەنگە کاریگەریی و شوێنەوارەکانی ئەم جۆرە لە توندوتیژیی دوورمەودا بێت لەسەر قوربانی.
4. توندوتیژیی ئابوری: هەموو کردەیەک یا هەوڵێک ببێتە هۆی دواکەوتنی کەسی قوربانی لەرووی ئابوری و خۆشگوزەرانی ژیانی رۆژانەوە، شێوەکانی (تێکشکاندنی کەلوپەل، رێگری کردن لەدەست گەیشتن بە سەرچاوە دارییەکان، رێگری کردن لە خوێندن، رێگری کردن لە کارکردن، دەستگرتن بەسەر داهاتی بەدەستهاتوو، هەست نەکردن بە بەرپرسیارێتی لەرووی خەرجی کێشان، هەوڵنەدان بۆ فەراهەمکردنی ژیانێکی شایستە، ...هتد) لەخۆ دەگرێت.
5. رەفتاری نەریتی زیانبەخش: ئەم توندوتیژیە زیاتر کردە و سروتی نەریتی توندوتیژ دەگرێتەوە وەک توندوتیژیی رێگری کردن لە هاوسەرگیریی کردن، توندوتیژیی بەزۆر هێشتنەوە لە ژیانی هاوسەریی ، توندوتیژیی بەزۆر کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوسەریی، هاوسەرگیری پێکردن لە تەمەنی منداڵی، خەتەنەکردنی مێینە).
6. هاوسەرگیریی بەزۆر/ پێشوەختە: بریتییە لە هاوسەرگیری کردنی کەسێك بێ ویست و ئارەزووی خۆیی، واتە وەرنەگرتنی رەزامەندی ئەو کەسە لەسەر هاوسەرگیرییەکەی هەروەها لە هاوسەرگیرییەکەی فەرمی یان نا فەرمی لە خوار

تەمەنی 18 ساڵیەوە بۆ هەریەك لە کچان و کوڕان ئەجام دەدرێت: UNFPA, 2018 (P12)

بەڵام جۆرەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە رووی ئەو ژینگەیەی تێدا ئەنجام دەدرێت دەکرێت لەم چەند شێوازەدا ببینرێت:

أ. ژینگەی هاوسەریی: هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژیی دەگرێتەوە لەچوارچێوەی هاوسەرداریی لەنێوان دوو هاوسەردا ئەنجام دەدرێت.
ب. ژینگەی خێزانیی: هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژیی دەگرێتەوە لەچوارچێوەی خێزانداریی لەنێوان ئەندامانی خێزانێکدا ئەنجام دەدرێت.
ج. ژینگەی دامەزراوەیی: هەموو ئەو شێوازانەی توندوتیژیی دەگرێتەوە لەچوارچێوەی دامودەزگاکانی حکومەت ئەنجام دەدرێت. بۆ نمونە کاتێک دامودەزگاکانی وەک (پۆلیس ، دادگا) وەک پێویست بەدەم سکاڵای سکاڵاکارەوە ناچن بەهۆی جیاکاریی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی. (ألاینس، 2015: ص22).

جێگەی سەرنجە دەکرێت ژینگەی کۆمەڵایەتیش زیاد بکرێت، لە چوار چێوەی فەزای گشتی کلتوری و کۆمەڵایەتیدا بەرجەستە دەبێت و فۆڕمەکانی توندوتیژی تیادا پیادە دەکرێت بە تایبەت بەرامبەر رەگەزی مێینە.

شەشەم: دیاریکردنی میتۆدی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری کێشەی توێژینەوەکە سود لەم میتۆدانەی لای خوارەوە وەیگراوە:-

1. میتۆدی مێژویی: میتۆدی مێژوویی بە واتای چوونە ناو قوڵایی مێژوویی کێشەیەك یاخود دیاردەیەك بەمەبەستی هەرچی زیاتر ناسینی ئەم دیاردەیە و هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بەهۆی ئەوەی بە تەنها لە توانای توێژەردا نییە ئەو دیاردانە روون بکاتەوە بێ پەنا بردنە رەهەندی مێژوویی کێشەکان یاخود دیاردەکان، جێگەی سەرنجە لە بەشەکانی تێۆری سود لە میتۆدی مێژویی وەرگیراوە.
2. میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی: بریتیە لەو رێگەیەی کە توێژەر بە هۆیەوە دەتوانێت زانیاری دروست لە بارەی واقعێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە وەربگرێت (قندلیجی، 1993: ص85)، جێگەی سەرنجە سود لە میتۆدی وەسفی بونیادی بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەرپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕێبازی (رووپێوی كۆمەڵایەتی) بە نمونە وەرگیراوە، بە واتای هەلبژاردنی كۆمەڵێك یەكە لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە (الحسن، 2005: ص62).

حەفتەم: كۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوەكە و ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری

أ) كۆمەڵگەی توێژینەوەكە: مەبەست لە كۆمەڵگەی توێژینەوەكە هەمو ئەو ئاوارانەی موسڵ دەگرێتەوە لە ئەنجامی شەری داعشەوە ئاوارەی پارێزگای هەولێر بوون لە كەمپەكانی ( خازر M1 و حەسەن شام U2) نیشتەجێ بوون، لە هەردوو رەگەزی نێرو مێ و ئاستە تەمەنە جیاوازەكان، كۆی دانیشتوانی هەردو كەمپی ناوبراو زیاترە لە 2،200 خێزان.(DTM site، 2019)

ب) نموونەی توێژینەوەكە: كۆی دانیشتوانی هەردوو كەمپی (خازر M1 و حەسەن شام U2) 13،200 كەسە كە دەكاتە 2،200 خێزان (DTM site، 2019)، ئاوارەكانی ناو كەمپ بۆیە بە نزیكەیی رێژەی 10% لە یەكەی خێزانە ئاوارەكان وەرگیراوە لە هەردوو كەمپی ناوبراو واتە 230 پرسیارنامە پڕكراوەتەوە، بۆ هەر خێزانێك تەنها یەك چاوپێكەوتن ئەنجام دراوە. دوابەدوای رەزامەندی سەرۆك خێزان چاوپێكەوتن لەگەڵ سەرۆكی خێزانەكە ئەنجامدراوە بەڵام لە حاڵەتێكدا ئەگەر سەرۆك خێزان ئامادە نەبوبێ یان چاوپێكەوتن لەگەڵ ئافرەتی ماڵەوە یان ئەندامێكی تری خێزانەكە ئەنجام دراوە، ئەوەش هەر بە رەزامەندی سەرۆك خێزان و ئەندامی خێزانەكە ئەنجام دراوە.

ج) جۆری نمونەی توێژینەوەكە: بۆ ئەم مەبەستە لەسەر نەخشەی كەمپەكان بە بەكارهێنانی پێنوسی سوڕاو لەسەر خێوەتەكان ئەنجام درا و هەر نوكی پێنوسەكە لەسەر كام خێوەت وەستا ئەم خێوەتە وەك ژمارە یەك ( 1 )دا دانرێت و دواتر بە پێی بلۆكی كەمپەكە هەر 9 خێوەت ژمارە 10 هەڵدەبژێردرێت و بەم جۆرە هەموو بلۆكەكانمان كۆنتڕۆل كرد و لە حاڵەتێك ئەگەر خێوەتی دەیەم ماڵی تیدا نەمابو یان رەزامەندیان نەدابێت بۆ وەڵامدانەوە ئەوا بۆ ژمارەی دواتر یان یازدەیەم چوین بەڵام ئەوا مانای ئەوە نیە ئەوانی تر بگاتە یازدەیەم بەڵكو هەر بە شێوازی دەیەكی بەردەوام بووین.

د) بوارەكانی توێژینەوەكە:

1. بواری شوێن: مەبەست لە بواری شوێن بریتییە لەو ناوچە جوگرافیەیەی كە ئەم توێژینەوەیەی تێدا ئەنجامدراوە، كە بریتییە لە پارێزگای هەولێر ، پایتەختی هەرێمی

کوردستانی کۆماری عێراقی فیدراڵ، هەردوو کەمپی (خازر M1 و حەسەن شام U2).

2. بواری مرۆیی: بواری مرۆیی توێژینەوەکە ئەو کەسانە لە خۆدەگرێت کە پێشتر نیشتەجێی پارێزگای موسڵ بوون و لە ئێستادا لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێن و لە هەردو کەمپی خازر M1 و حەسەن شام U2.

3. بواری کات: مەبەست لە بواری کات ئەو ماوە زەمەنییەیە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە لە رووی مەیدانیەوە لە دروستکردنی پرسیارنامەکە تادەگاتە دابەشکردن و کۆکردنەوەو بەتاڵکردنەوەی پرسیرنامەکان و لە کۆتایشدا شیکاری پرسیارەکان، لە 2019/7/1 تا 2019/12/15

هـ) ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

سروشتی توێژینەوەکە پشتی بەم ئامرازانەی لای خوارەوە بەستوە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان:

1- شێوازی ئامادەکردنی پرسیارنامەکە: لەم توێژینەوەیەدا پرسیارنامە وەك سەرەکترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری سودی لێوەرگیراوە، کە تیایدا کۆمەڵێك پرسیاری تایبەت بە توندتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و لێکەوتەکانی خراونەتە روو بەمەبەستی وەڵام دانەوەی، شایەنی باسە لە میانەی ئامادەکردنی پرسیارنامەکەدا سود لە لایەنی تیۆری توێژینەوەکەو توێژینەوەکانی پێشو وەرگیراون و پرسیرانامەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، کە پێکهاتوون لەم تەوەرانەی لای خوارەوە:-

تەوەری یەکەم: لەم تەوەرەدا زانیارییە سۆسیۆ دیمۆگرافییەکان خراونەتە روو کە پەیوەندی دارن لە بابەتی توێژینەوەکە، بۆ ئەوەی بگەینە چەند ئەنجامێك سەبارەت بە تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوری و خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە.

تەوەری دووەم: لەم تەوەرەدا بارودۆخی توندوتیژی بەپێی جۆری کۆمەڵایەتی لای ئاوارەکان خراونەتە روو بۆ ئەوەی بەرچاو روونیەکی تەواو هەبێت سەبارەت بە بارودۆخی خێزانە ئاوەربوەکان.

تەوەری سێیەم: لەم تەوەردا هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی خراونەتە روو و شیکاری ئەنجامەکان کراوە بۆ ئەوەی هۆکارەکان بزانرێت و سەرچاوەی هۆکارەکانیش شی بکرێنەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تەوەری چوارەم: لەم تەوەرەدا پەیوەندی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بە سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە لەسەر ئاستی تاکەکەس و خێزان و کۆمەڵگە دەخەینە روو کە ئەم تەوەرە کرۆکی توێژینەکەمانە.

2- تێبینی: بەواتای بینین و چاودێریکردنی رەفتارێك یان دیاردەیەکی دیاریکراو و دواتر تۆمارکردنی و دیارە ئەم ئامرازەش بە یەك لە ئامرازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دێتە ئەژمار لە بوارە زانستی و مرۆییەکاندا خاوەنی بایەخی تایبەتی خۆیەتی (الحسن، 1993: ص104)، بە حوکمی کارکردنی توێژەر لە گەڵ ئاوارەو پەنابەران و لە ناو کەمپەکان و دەرەوەی کەمپەکان کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی بۆ دروست بووە تایبەت بە توندوتیژی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، دیارە سروشتی ئەم دیاردەیە وای خواستووە (تێبینی بێ بەشداری) بەکاربهێنێت.
3- چاوپێکەوتن: چاوپێکەوتن بە ئامرازێکی گرنگی کۆکردنەوەی زانیاری دێتە ئەژمار لە بنەمای دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان چاوپێکەوتنکارو چاوپێکەوتن لە گەڵ کراو (ابراهیم، 2008: ص226)، شایەنی باشە دوای ئەوەی پرسیارنامەکە بۆ سەرزمانی عەرەبی وەرگێراوە لە لایەن توێژەر و نمونەی توێژیەوەکە چاوپێکەوتنەکان ئەنجام دراون و لە هەردوو کەمپی خازر M1 و حەسەن شام U2، سەرەڕای ئەوەش توێژەی لەگەڵ دوو توێژەری ئافرەت چاوپێکەوتنەکانیان ئەنجامداوە ئەوەش دوای راهێنانی هەردوو توێژەرە کۆمەڵایەتیەکە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی پرسیارنامەکە و رەچاوکردنی لایەنی ئیتکی توێژینەوەکە و رەچاوکردنی کواڵیتی داتا و زانیاریەکان لە حاڵەتێکدا ئەگەر کەسی وەڵامدەر لە رەگەزی مێ بوبێ ئەوا ئەوان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کردوون.

هەشتەم: ئەنجامگیریی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

لەم بەشەدا تایبەتمەندیەکانی نمونەی توێژینەوەکە دەخەینە روو دواجار ئەنجامەکان بە پێی ئامانجی توێژینەوەکە دەخەینە روو، پاشان بە پشتبەستن بە چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو، گفتوگۆی ئەم ئەنجامانە دەکەین:

تەوەری یەکەم: ئەنجامگیریی زانیارییە سەرەتایی وسۆسیۆدیمۆگرافیەکان

خشتەی ( 1 )

رەگەزی نمونەی توێژینەوەکە روندەکاتەوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| رەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| مێ | 139 | %60.43 |
| نێر | 91 | %39.57 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت 60.43% یەکەکانی نمونەی توێژنەوە لە رەگەزی مێ و 39.57% لە رەگەزی نێرن، هۆکاری بەرزی ئاستی رەگەزی مێ دەگەڕیتەوە بۆ ئەوەی: یەکەمیان بەشێکی بەرچاو لە سەرۆك خێزانەکانی هەردوو خیوەتگایەکە (خازر M1 و حەسەن شام U2) لە رەگەزی مێینەن بە تایبەت لەو ماوەی ئێستا (مانگی 9 و 10 ی 2019) چونکە بەشێکی زۆری کەمپەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراقی دادەخرێت و تێکەڵ بەیەکتر دەکرێنەوە بۆیە ئەو ئافرەتانەی کە سەرۆك خێزانن رو لەم کەمپانە دەکەن و نیشتەجێی ئەو کەمپانە دەبن کە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی عیراق دان، هەروەها ئەو کاتانەی توێژنەوەی مەیدانی لەگەڵ یەکەکان ئەنجامدران لە نێوان 09:00 ی بەیانی تا 12:00 ی نیوەڕۆ بوو بۆیە زۆری ئەو کاتانە تەنیا ئافرەتان و کچانی گەورەی ماڵ لە خیوەتگاکان بوون و پیاوان و باوکان یان کورانی گەورەی خێزان بۆ کاری رۆژانە دەچن بۆ کێڵگەکانی کشتوکاڵی دەوروبەر یان بۆ قەزای خەبات (کەلەك چونکە نزیکە) بۆ کرێکاری و کاری رۆژانە و بەشێکیان بۆ مامەڵەیەکی تایبەت روویان لە فەرمانگەکانی دەرەوەی خێوەتگاکە دەکرد.

خشتەی ( 2 )

تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 20 – 15 | 19 | %8.26 |
| 26 – 21 | 28 | %12.17 |
| 32 – 27 | 40 | %17.39 |
| 38 – 33 | 45 | %19.57 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| 44 – 39 | 41 | %17.83 |
| 50 – 45 | 30 | %13.04 |
| 56 – 51 | 18 | %7.83 |
| 57 – زیاتر | 9 | %3.91 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت زۆرترین ڕێژە 19.57% تەمەنیان لە نێوان 33-38 ساڵیدان و 17.83%ی لە نێوان 39-44 ساڵی و و بە پلەی سێیەم 17.39% ی لە نێوان تەمەنی 27-32 ساڵیدان، هەروەها 13.04% تەمەنیان 45-50 ساڵی و 12.17% ی تەمەنیان لە نێوان 21-26 ساڵیدا بوون، گروپی 15-20 ساڵی بە ڕێژەی 8.26% و 57 بەرەو ژوور بە ڕێژەی 3.91%.

جێگەی ئاماژەیە ناوەندینی بەشەکان بۆ ئەم خشتەیەی سەرەوە بریتیە لە (5)

خشتەی ( 3 )

پێگەی خێزانی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| پێگەی خێزانی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سەرۆک خێزان | 197 | %85.65 |
| ئەندامێکی ئاسایی خێزان | 33 | %14.35 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیە بۆمان دەدەرکەوێت کە ڕێژەی 85.65% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە لە سەرۆك خێزانەکان پێك دێن و بە ڕێژەی 14.35% ئەندامانی نمونەی توێژنەوەکە ئەندامێکی ئاسایی ناو خیزانەکان بوون، جێگەی ئاماژە پێکردنە بەشێکی زۆری سەرۆك خێزانەکانی کەمپی خازر M1 لە ئافرەتانی بێوەژن پێك هاتووە و ئەنجا یان مێردیان نەماوە و یان وون بون لە کاتی جەنگ و یانیش جیابونەتەوە (DTM site, 2019).

خشتەی ( 4 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ژمارەی ئەندامانی خێزانی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | % |
| --- | --- | --- |
| 6 – 2 | 93 | 40.43% |
| 11 – 7 | 118 | 51.30% |
| 16 – 12 | 17 | 7.39% |
| 21 – 17 | 2 | 0.87% |
| کۆی گشتی | 230 | 100.00% |

لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت 51.30% ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان 7 بۆ 11 ئەندامە و 40.43% ی ژمارەی ئەندامانی خێزانیان لە نێوان 2 بۆ 6 ئەندامە هەروەها 7.39% ی ژمارەی ئەندامانیان 12 بۆ 17 ئەندامە و لە کۆتاییشدا بە کەمترین رێژە 0.87% ی لە نێوان 17 بۆ 21 ئەندامی خێزان پێك دێن.

لێرەدا رێژەی زیاتری نیوەی یەکەکانی نمونەی توێژنەوەکە دەگرێتەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت نیشتەجێی هەردوو خێوەتگاکە لە خێزانی قەبارە مامناوەند پێکدێن و بە پلەی دووەم دانیشتوانی ئەم خێوەتگایە لە خێزانی بچوك پێك دێن سەبارەت بە قەبارەی خێزانی، واتە 91% خێزانەکانی ئەم خێوەتگایە لە خێزانی قەبارە مامناوەند و بچوکن، جگە لەوەش رێژەیەکی زۆر کەم لە ناو خێوەتگاکان لە خێزانی قەبارە گەورە و تێکەڵ پێك دێت، ئەمەش بە لایەنی کەم ئاماژەیەکی ئەرێنیە بە تایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا چونکە هەر چەند ژمارەی ئەندامانی خێزان کەمتر بن ئەو تا رادەیەك  کێشەکان و دواکاریەکانیش کەمتر دەبن.

خشتەی ( 5 )

پیشەی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە لە پێش ئاوارەبوون و پاش ئاوارە بووندا

| پیشە | پێش ئاوارەبوون | | پاش ئاوارە بوون | |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| | ژمارە | % | ژمارە | % |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بێکار | 93 | %40.43 | 128 | %55.65 |
| ئافرەتی ماڵەوە | 51 | %22.17 | 56 | %24.35 |
| کرێکار | 43 | %18.70 | 30 | %13.04 |
| قوتابی | 14 | %6.09 | 4 | %1.74 |
| جوتیار | 10 | %4.35 | 0 | %0.00 |
| شوفێر | 5 | %2.17 | 0 | %0.00 |
| فەرمانبەر | 4 | %1.74 | 11 | %4.78 |
| پۆلیس/سەرباز | 4 | %1.74 | 0 | %0.00 |
| مامۆستای سەرەتایی | 3 | %1.30 | 1 | %0.43 |
| مامۆستای دواناوەندی | 2 | %0.87 | 0 | %0.00 |
| شوانیەتی | 1 | %0.43 | 0 | %0.00 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 | 230 | %100.00 |

ئەم دوو خشتەیە بەراورد کاریەیە دەریدەخەن کە رێژەی بێکاری لەناو بەشدار بوواندا بەر لە ئاوارە بوون 40.43% ی پێکهێناوە، لە کاتێکدا دوای ئاوارە بوون ئەم رێژەیە بەرزتر بۆتەوە بۆ ئاستی 55.65% رێژەی و ژنانی ماڵ 22.17% بەر لە ئاوارە بوون، بەڵام بەهۆی ئاوارەبوونەوە ئەم رێژەیە هەڵکشاوە بۆ 24.35%، لە ئاستی سێیەمیشدا گەر بەراوردی جۆری پیشەی (کاری ئازاد) بکەین تێبینی ئەوە دەکەین کە رێژەکەی بەر لە ئاوارە بوون بریتی بووە لە 18.70% بەڵام ئەم رێژەیە پاشان بووەتە 13.04%، هەروەها پیشەی قوتابی پێش ئاوارەبوون رێژەی 6.09% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون رێژۆی 1.74% پێکدەهینن هەروەها پیشەی جوتیار پێش ئاوارەبوون رێژەی 4.35% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون هیچ رێژەیەکی تۆمار نەکردوە هەروەها پیشەی شوفێری پێش ئاوارەبوون رێژەی 2.17% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون هیچ رێژەیەکی تۆمار نەکردوە هەروەها پیشەی فەرمانبەر پێش ئاوارەبوون رێژەی 1.74% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون رێژۆی 4.78% پێکدەهینن هەروەها پیشەی پۆلیس یان سەربازی پێش ئاوارەبوون رێژەی 1.74% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون هیچ رێژەیەکی تۆمار نەکردوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها پیشەی مامۆستایەتی پێش ئاوارەبوون رێژەی 1.30% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون رێژەی 0.43% پێکدەهینن هەروەها پیشەی مامۆستای دواناوەندی یان زانکۆ و پەیمانگا پێش ئاوارەبوون رێژەی 0.87% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون هیچ رێژەیەکی تۆمار نەکردوە هەروەها پیشەی شوانکاری پێش ئاوارەبوون رێژەی 0.43% پێکدەهینن و دوای ئاوارەبوون هیچ رێژەیەکی تۆمار نەکردوە.

ئەمەش ئاماژەیەکی روون و ئاشکرای کارگەریی ئاوارەبوونە لە سەر دەستکەوتنی پیشەیەکی دیاریکراو بە هۆی لەدەستدانی پیشەکانیان و جێهێشتنی زێدی باوباپیرانیان، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیش گەر سەرج لە خشتەی ناو براو بدەین دەبینین بەشێك لە ژنانیش بەهۆی ئاوارەیی و لە دەستدانی پیشەکانیانەوە بوونەتە ژنانی ناو ماڵ و سەبارەت کە ئەمەش دوبارە دەرخەری ئەو راستییە کە ئاوارە بوون تەنها لە دەستدانی شوێنی نیشتەجیبوون ناگرێتەوە ، بەڵکو لە دەست دانی پیشەیە.

خشتەی ( 6 )

شوێنی نیشتەجێبوونی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە لە پێش ئاوارە بووندا

| شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | % |
|---|---|---|
| راستی شاری موسڵ / رۆژئاوای موسڵ | 167 | %72.61 |
| چەپی شاری موسڵ / رۆژهەڵاتی موسڵ | 63 | %27.39 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیە ی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە رێژەی 72.61% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە دەکەونە لایەنی راستی موسڵ واتە رۆژئاوای موسڵ و بە ڕێژەی 27.39% دەکەونە لای چەپی موسڵ ئەمەش لە ئەنجامی جەنگی داعشدا زۆرینەی لای راستی موسڵ وێران بووە و بەشێکی زۆری خانوو و یەکەی نیشتەجێبوون و شوێنە خزمەتگوزاریە گشتیەکان خاپور بوون و کەمترین رێژە لەلای چەپی موسڵ هاتوون هەروەك ئەم بەرەی موسڵ لە ئاستێکی باشترە لە رووی وێرانکاری و ئێستا باشتر ئاوادەن کراوەتەوە و ژیان تا رادەیەك ئاساییترە.

خشتەی ( 7 )

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پاشخانی خێزانی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| پاشخانی خێزانی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خەڵکی گوند | 146 | %63.48 |
| خەڵکی شار | 84 | %36.52 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە رێژەی %63.48 ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پاشخانی خێزانیان دەگەڕێتەوە خەڵکی گوند و رێژەی %36.52 پاشخانی خێزانیان خەڵکی شارن، جێگەی سەرنجە زۆرینەی پاشخانی خێزانی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە گوند نشینن، ئەمەش لە لایەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی پارێزگای موصڵ بەشێکی بەرچاویان بە کاری ئاژەڵداری و کشت و کاڵەوە خەریك بوون ، لە لایەکی دیش بوونی ئەم زۆرەی پاشخانی گوند نشین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمان کەم دەرامەتترن وەك خەڵکی شار نشینی موسڵ توانای گشتنی گرتنی خانوی کرێیان نییە بۆیە ناچار روو لە کەمپەکان دەکەن.

خشتەی ( 8 )

باری خێزانی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| باری خێزانی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خێزاندار | 131 | %56.96 |
| تاك مردووە | 57 | %24.78 |
| سەڵت | 21 | %9.13 |
| جیابووەوە | 21 | %9.13 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە رێژەی %56.96 ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خێزاندارن و بە ریژەی %24.78 تاك مردوون، سەڵت و جیابوەکانیش هەر یەکەیەکیان بە رێژەی %9.13 نمونەی توێژینەوەکە پێك دێنن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ( 9 )

ئاستی خوێندنی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| ئاستی خوێندن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 86 | %37.39 |
| خوێندنەوە و نووسین | 58 | %25.22 |
| سەرەتایی | 38 | %16.52 |
| ناوەندی | 32 | %13.91 |
| ئامادەیی | 9 | %3.91 |
| بەکالۆریۆس | 7 | %3.04 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە رێژەی 37.39% ئەندامانمی نموونەی توێژینەوەکە نەخوێندەوارن و 25.22% تەنها دەتوانن بخوێننەوە و بنوسن و 16.52% تەنها لە ئاستی سەرەتایین و 13.91% خاوەن بڕوانامەی ناوەندین و بە رێژەی 3.91% قۆناغی ئامادەییان تەواو کردووە و تەنها 3.04% ی یەکەکانی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن.

واتە دانیشتوانی ئەم دوو خێوەتگەیە ئاستی خویندەواریان نزمە چونکە بە هەردوو چینی نەخوێندەوار و ئەو کەسانەی تەنها دەتوانن بخوێننەوە و بنوسن دەگاتە 62.61% لە کاتێکدا ئەوانەی خاوەن بڕوانامەن رێژەیەکی زۆر کەمی دانیشتوانی هەردوو خێوەتگەکە پێك دەهینن.

خشتەی ( 10 )

ئاستی بژێوی نمونەی توێژینەوەکە روون دەکاتەوە

| ئاستی بژێوی | ژمارە | % |
|---|---|---|

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| خراپ | 104 | %45.22 |
| زۆرخراپ | 61 | %26.52 |
| مامناوەند | 50 | %21.74 |
| باش | 15 | %6.52 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە رێژەی 45.22% ئەندامانمی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی بژێویان خراپە و 26.52% ئاستی بژێویان زۆر خراپە و 21.74% مامناوەندە و لە کۆتاییشدا لە 6.52% ی ئاستی بژێویان باشە، جێگەی سەرنجە ئەنجامی توێژینەوەکەی (توانا فەرەیدون حسێن)یش سەلمێنەری هەمان ئەنجامەکانی توێژینەوەکەمانە چونکە توێژینەوەکەی ناوبراو جەختی لەسەر رۆڵی خراپی باری ئابوری کردوە لەسەر لاوازکردنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزاندا.

تەوەری دووەم: ئەنجامگیریی هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

لەم تەوەرەدا گرنگە لە هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتیش ورد بینەوە و پەیوەستیان بکەین بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بە تایبەت ئەو ئامانجەی کە باس لە ناسین و خستنە رووی گرنگترین هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو کۆمەڵگەدا دەکات.

جگە لەو خالەی سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بە شیکار و شرۆڤەکردنی هۆکارەکان دەگەینە چەند دەرئەنجامێکی روون بۆ ئەوەی ببێتە بناغەیەك بۆ پێکان ئامانجەکانی تری توێژینەوەکە.

خشتەی ( 11 )

هۆکارەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

| هۆکارەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خراپی ئاستی بژێوی | 96 | %41.74 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| بە هەڵەلێکدانەوەی ئاین | 51 | %22.17 |
| داب و نەریت / لە رێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی | 49 | %21.30 |
| ارودۆخی ناجێگیری سیاسی | 14 | %6.09 |
| سیستەمی خوێندن و پەروەردە | 11 | %4.78 |
| سیستەمی یاسایی | 9 | %3.91 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

داتاکانی ئەم خشتەیە ئەوە رون دەکاتەوە کە 41.74% یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە خراپی ئاستی بژێوی هۆکارن بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانە ئاوەربوەکاندا و 22.17% بە هەڵەلێکدانەوەی ئاین بە هۆکار دەزانن و 21.30% داب و نەریت/لە رێگەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پێیان وایە هۆکارە و 6.09% دەیگەڕێننەوە بۆ سیستەمی خوێندن و پەروەردە و لە کۆتاییشدا بە رێژەی 3.91% سیستەمی یاسایی بە هۆکار دەزانن.

کەواتە بە شێویەکی گشتگیر هەمو ئەم خاڵانەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە ئەوا بە هۆکار دەزانرێت بۆ رودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو خیزانە ئاوارەبوەکاندا، ئەمەش ئەوە دەگەینەێت زۆربەی جومگەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگە بۆشایی نەرێنی تیکەوتوە و وەك پێویست نەیتوانیوە ببێتە رێگر لە کەمکردنەوە یان نەهێشتنی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی بە گشتی و لە کاتی ئاوارەیی و قەیرانەکان بە تایبەتی.

خشتەی ( 12 )

ئاوارەبوون وەك هۆکارێك بۆ زیادبونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی روندەکاتەوە

| هۆکاری ئاوارەبوون بۆ زیادبوونی توندوتیژی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵی | 129 | %56.09 |
| تاراددەیەك | 86 | %37.39 |
| نەخێر | 15 | %6.52 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

ئەم خشتەیە ی سەرەوە دەریدەخات کە ڕێژەی 56.09% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە ئاوارەبونیان بۆتە هۆی زیادبونی توندوتیژی جۆری لە نێو خێزان و کەسان دەوربەریدا و ڕێژەی 37.39% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە تارددەیەك ئاوارە بوون بووەتە هۆکاری ئەنجامدانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا تەنها ڕێژەی 6.52% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە باوەڕیان وایە کە ئاوارە بوون کاریگەریی نەبووە.

خشتەی ( 13 )

کاریگەری هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

| هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لەسەر زیاد بوونی توندوتیژی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| سوشیال میدیا ( وەکو فەیس و بوك و تویتەرو ئینستا گرام) | 107 | %46.53 |
| مۆبایل | 105 | %45.65 |
| تەلەفزیۆن (فیلم، دراما) | 18 | %7.82 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیە دەردەکەوێت کە ڕێژەی 46.53% هۆکارەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیەندنی سوشیال میدیا وەکو فەیس و بوك و تویتەرو ئینستا گرام و بە پلەی دوەم 45.65% مۆبایل بوەتە هۆی زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو خێزانەکان لە کاتی ئاوارەبووندا و تەنها 7.82% پێیان وایە تەلەڤزیۆن و فیلم و دراماکان یەکێکن لە هۆکارەکانی ڕودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

ئەوەی جیگەی سەرنجە مۆبایل هۆکاریکی سەرەکیە بۆ ڕودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو خیزانەکان و لە هەمان کاتیشدا سۆشیال میدیا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگەی ئامێری مۆبایلەوە بەکاردەهێنیرێت بۆیە هەر بە هۆکارێك دادەنرێت و هەروەك رونە تەلەفزیۆنیش بە دەر نیە لەم بوارەدە بەڵام ڕیژەکەی کەم دەرکەوتوە چونەکە بەپێی تیبینی تویژەر زۆری خیزانە ئاوارەکان تەلەڤزیۆنیان نیە لە ناو خێوەتەکەیاندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ( 14 )

کاریگەری فشاری دەرونیی لەسەر زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی دەخاتە روو

| هۆکارە دەروونیەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| فشاری دەرونی لەسەر باوك | 96 | %41.74 |
| فشاری دەرونی لەسەر باوان (باوك و دایك) | 66 | %28.70 |
| فشاری دەرونی لەسەر دایك | 42 | %18.26 |
| فشاری دەروونی لەسەر منداڵان | 26 | %11.30 |
| کۆی گشتی | 230 | %100 |

ئەم خشتەیە ی سەرەوە دەریدەخات کە رێژەی 41.74% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە فشاری دەرونی لەسەر باوك هۆکاری دەرونی یەکەمە بۆ زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو خێزاندا و بە تایبەت لە کاتی ئاوارەبووندا و رێژەی 28.70% ئەندامانی نموونەکە دەڵێن فشاری دەرونی لەسەر باوان وەك هۆکاری دەرونی دوەم دەرکەوتوە و فشاری دەرونی لەسەر دایك بە رێژەی 18.26% بە پلەی سێیەم دێت وەك یەکێك لە هۆکارە دەرونیەکان و لە کۆتاییشدا تەنها بە رێژەی 11.30% فشارە دەروینەکانی سەر منداڵان هۆکارێکی دەرونی بۆ زیاد بونی توندوتیژی جۆری.

ئەوەی جێگەی سەرنجە باوك پشکی شێری بەرکەوتوە لە هۆکارە دەرونیەکان چونکە لە هەردو حاڵەتی یەکەم و دوەم هۆکارە ئەویش (فشاری دەرونی سەر باوك و فشاری دەرونی سەر باوان) باوانیش لێرە واتە دایك و باوك کەواتە نیوەی ریژەی ئاستی دوەم باوك هۆکارە، هەروەك باوە لە کۆمەڵگەی عیراقی ئەرکی سەرەکی ئاگاداربونی ماڵ و بژێوی ئەندامانی خیزان زیاتر لە ئەستۆ باوکاندایە، بۆیە کاتێك هەر جۆرە قەیرانێك روو دەدەن ئەوا کاریگەری دەرونی زۆر لەسەر باوك جێدێڵێت لە تایبەت دوای جەنگەکان لە دۆخی ئەم ئاوارانەی موسڵ ئاوارەبوی جەنگی دژی داعشن کە پڕ بو لە تراژیدیا و چیرۆکی خوێناوی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی ( 15 )

پەیوەندی هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان بە زیاد بوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

| هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| پەیوەندی خزمایەتی | 108 | %46.96 |
| دراوسێ و دەوروبەر | 78 | %33.91 |
| پێکەوە ژیانی زیاتر لە خێزانێك بەیەکەوە | 44 | %19.13 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

ئەم خشتەیەی سەرەوە دەریدەخات کە ڕێژەی 46.96% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە پەیوەندە خزمایەتی وەك هۆکاری کۆمەڵایەتی یەکەم دێت لە زیادبونی توندوتیژی کۆمەلایەتی لە ناو خیزانەکان لە کاتی ئاوارەبوندا و 33.91% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەو باوەڕە دان دراوسێ و دەوروبەر بە هۆکاری دوەمی کۆمەڵایەتی دێت لە زیادبونی ئەم جۆرە توندوتیژیانە و لە کۆتاییشدا بە ڕێژەی 19.13% پێکەوە ژیانی زیاتر لە خێزانێك بەیەکەوە بە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دەزانن بۆ زیادبونی توندوتیژی لە کاتی ئاوارەیی و لە ناو خێوەتگاکاندا دەگەڕێننەوە.

ئەم زانیاریانەی لای سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە سەقامگیری خێزان تەنها وا بەستە نییە بە دۆخی ناوەکی خێزان، بەڵکو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خێزانیش کاریگەری ڕاستەو خۆیان هەیە لەسەر زیاد بوونی توندوتیژی جۆری، بەهۆی ئەوەی ئەم خێزانانە لە ناو کەمپدان و زۆر نزیکن لە یەکدی و ڕۆژانە بەرکەوتنیان لەگەل یەکدی دیارە ئەمەش بێ کاریگەری نەبووە.

خشتەی ( 16 )

پەیوەندی نێوان شوێنی نیشەتەجێبون و توندوتیژی جۆری دەخاتە ڕوو

| ڕوڵی شوێنی جوگرافی و نیشتەجێبوون | ژمارە | % |
|---|---|---|
| کاریگەری هەبووە | 112 | %48.70 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | |
|---|---|---|
| کاریگەری لاواز بووە | 84 | %36.52 |
| کاریگەری نەبووە | 34 | %14.78 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیە ی سەرەوە دەریدەخات کە ڕێژەی %48.70 ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە شوێنی جوگرافی و ئەو ناوچەی پێشتر لێی نیشتەجێبون کاریگەی هەبووە لە ڕوودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە کاتی ئاوارەبونیان و بە ڕێژەی %36.52 لەو باوەڕە دان کاریگەریەکی لاوازی هەبوە ئەمەش لە کاتێکدایە تەنها %14.78 یەکەکانی نمونەی توێژینەوەکە لەو باوەڕەدان ئەم هۆکارە هیچ کاریگەری نیە لەسەر ڕودانی توندوتیژی جۆی کۆمەڵایەتی.

واتە بەڕیژەیەکی زۆرە کاریگەری خۆی کردوە کاتێك ئاوارە دەبن و دەبێتە هۆکار بۆ زیادبونی وندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

خشتەی ( 17 )

هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی وەك بێکار بووی سەرۆك خێزان ڕوندەکاتەوە

| کاریگەری بێکاری لەسەر توندوتیژی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 192 | %83.48 |
| نەخێر | 38 | %16.52 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیە ی سەرەوە دەریدەخات کە ڕێژەی %83.48 ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بێکار بوونیان وەك سەرۆك خێزانێك یان ئەندامیکی سەرەکی ناو خیزان بۆتە هۆکاری زیادبوونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە کاتی ئاوارەییدا و تەنها %16.52 بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە و بێکاری وەك هۆکار نابینن.

واتە لەبەر بێکاری و بونی کاتی زۆر و لە هەمان کاتدا بونی فشاری دەرونی هەروەك لە خشتەکانی تر ئاماژەی پێکراوە دەبنە هۆکار بۆ زیاد بونی توندوتیژی جۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتی لە کاتی ئاوارەییدا و لە هەمان کاتدا خێوەتگاکان لە چوارچیوەیەکی دیاریکراون بۆیە سەرۆك خێزان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا زیاتر ناتوانێت بچێتە شوێنی زیاتر و ئەگەر پێویستیشی پێ بێت ئەوا دەبێت ریگە پیدانی فەرمی وەربگرێت لە کارگێری کەمپ و تەنها بۆ کاری گنگیش رێگەپێدراوە لە کەمپ بچێتە دەرەوە.

خشتەی ( 18 )

بەکارهێنانی مادە کحولیەکان وەك هۆکارێك بۆ روودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانەکاندا روندەکاتەوە

| کاریگەری مادە کحولیەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 209 | %90.87 |
| نەخێر | 21 | %9.13 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

ئەم خشتەیەی سەرەوە دەریدەخات کە رێژەی 90.87% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە پێیان وایە بەکارهێنانی مادە کحولیەکان دەبێتە هۆی روودانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە نێو خێزانەکاندا و 9.13% باوەڕیان نیە ئەو خاڵە ببێتە هۆی رودانی توندوتیژی.

واتە بەکارهێنانی مادە کحولیەکان هۆکارێکی زۆر کاریگەرە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە ناو خێوەتگاکاندا و لە کاتی ئاوارەییدا، جگە لەوەش کاریگەری نەرێنی لەسەر هاوبەندی و یەکگرتووی ئەندامانی خێزانەکان دروست دەکات چونکە شوێنی مانەوە و حەوانەوەی خیزانەکان زۆر بچوکە و لە چوارچێوەیەکی زۆر دیاریکراودا دەژین بە تایبەت ئەگەر زیادەڕۆیی بکرێت لە بەکارهینانی ئەو مادانە ئەوا کێشەی خێزانی دروست دەکات لەبەر ئەوەی کەسی بەکارهێنەر لە زۆربەی کاتەکاندا هۆش و هزری لە دەست خۆی دەدات.

خشتەی ( 19 )

شێوازی پەروەردەکردنی خێزانی و پەیوەندی بە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| پەروەردەکردنی خێزانی و توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 156 | %67.83 |
| نەخێر | 74 | %32.17 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

ئەم خشتەی سەرەوە دەریدەخات کە رێژەی 67.83% ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لەو باوەڕە دان شێوازی پەروەردەکردنی خێزانی پەیوەندی بە بونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی هەیە و رێژەی 32.17% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بە نەخێر وەڵامیان داوتەوە.

واتە نزیکەی سێیەکی ئەو وەڵامدەران لەو باوەڕەدان چۆنیەتی پەروەدەکردنی منداڵەکان لەلایەن خێزانەکانەوە هۆکارێکی راستەخۆیە لەسەر بونی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و کاریگەری راستەوخۆی دەبێت لەسەر دەوروبەر و هەروەها لەسەر منداڵانی خێزانی تر واتە ئەگەر بە شێوازێکی توند پەروەردە بکرێت ئەوا کەسێکی توندوتیژی لێ دەردەچێت و بە پێچەوانەوەش راستە ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی نەرم و لەسەر بنەمای یەکتری قبوڵکردن و لێکتێگەیشتن پەروەردە بکرێت ئەوا کەسێکی تێگەیشتوی لێ دروست دەبێت و دەرئەنجام کاریگەری ئەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات، هەر ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی کۆمەڵگە بۆ ژیان و گوزەرانێکی باشتر و دوور لە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

خشتەی ( 20 )

پەیوەندی نێوان بوونی کاتی دەستبەتاڵی و توندوتیژی جۆری دەخاتە روو

| کاتی زۆر و پەویەندی بە توندوتیژی | ژمارە | % |
|---|---|---|
| بەڵێ | 209 | %90.87 |
| نەخێر | 21 | %9.13 |
| کۆی گشتی | 230 | %100.00 |

لەم خشتەیەی سەرەوە دەریدەخات کە رێژەی 90.87% ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە باوەڕیان بەوەیە هەبوونی کاتی بەتاڵی زۆر لەلای کەسەکان لە دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاوارەبوون بۆتە هۆكار بۆ رووداني توندوتيژى جۆرى كۆمەڵایەتی و 9.13% باوەڕیان نیە ئەو خاڵە ببێتە هۆی روداني توندوتيژى.

واتە كاتی زۆر لەلایەن ئاوارەكان تەنانەت ئەوانەی هەندێك سەرقاڵی كاری رۆژانەن ئەوانیش تا نیوەڕۆ هەموو ئەرك و كارەكانیان تەواو دەكەن بۆیە بە هۆكارێكی كاریگەر دەیینن لە رودانی توندوتیژی جۆری لە ناو خێزانە ئاوارەبوەكان و كاریگەر نەرێنی لەسەر دەوروبەر و كەسانی ژێر سەرپەرشتی ئەو كەسانەش دروست كردوە، چونكە رۆژانە لە پەیوەندیەكی كۆمەڵایەتی زۆر دان و بۆ ماوەیەكی زۆر هەڵسوكوت لەگەڵ یەكتر دەكەن و بەبێ ئەوەی هیچ گۆڕانكاریەكی جۆری لەسەر ژیانیان دروست بێت و ئەم دووبارەبونەوەش بێزاری و بێتاقەتی لای تاكەكان دروست دەكات.

نۆیەم: پوختەی دەرئەنجام

لە ژێر رۆشنایی ئەم خاڵەدا چەندین دەرئەنجامی پوختكراوەی شیكردنەوە و شرۆڤەكانی خشتەكانی مەیدانی و لایەنی پراكتیكی توێژینەوەكە دەخەینە روو: -

1. رێژەیەكی بەرز لە هۆكارەكانی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی لە ناو ئاوارەبوەكانی پارێزگای موسڵ هەیە بە تایبەت لە ناو هەردو خیوەتگەی خازر M1 و حەسەن شام U2، و گۆڕاوە دیاریكراوەكانیش كاریگەری راستەوخۆیان هەیە لەسەر بەرزبونەوەی ئاستی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی لە ناو هەردو كەمپەكەدا.
2. لە كاتی راگواستنەوە، ئاوارەبون و ئاوارەبون بۆ جاری دوەم و سێیەم (وەك هۆكارێك) بەشێوەیەكی بەردەوام تاكەكانی ئەم بارودۆخە بە گشتی روبەڕوی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی بونەتەوە و بە رێژەیەكی بەرچاو لە حالەتە جیاجیاكانی دەرونی و كۆمەڵایەتی دەناڵێنن.
3. كەناڵە میدیاییەكان وەك هۆكارێكی سەرەكی كاریگەریەكی راستەوخۆیان هەیە لەسەر زیادبونی توندوتیژی جۆری كۆمەڵایەتی و چەندین تاكی كۆمەڵگەی ئاوارەبوو روبەڕوی توندوتیژی دەبنەوە لەبەر بەكارهێنانی ئەم هۆكارانەی پەیوەندی بە تایبەت مۆبایل و سۆشیال میدیا.

دەیەم: راسپاردە و پێشنیارەكان

لە دەرئەنجامی خستنەرووی ئەنجامەكانی توێژینەوەكەو پێداچوونەوە بەلایەنی تیۆری و پراكتیكی توێژینەوەكە گەیشتنە ئەم راسپاردەو پێشنیارانەی لای خوارەوە:-

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

أ/ پێشنیارەکان

1. گرنگی دانی زیاتری وەزارەتی پەروەردە بە خوێندنی ئیلزامی تا قۆناغی ئامادەیی بۆ هەریەك لە کوڕان و کچانی کۆمەڵگەی ئاوارەو پەنابەران و کۆمەڵگەی خانەخوێ.
2. وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بایەخی زیاتر بدات بە گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان و دوبارە نیشتەجێکردنەوەیان لەو ناوچانەی پێشتر لێی ئاوارە بوون پێشکەشکردنی هاوکاری مادی زیاتر بۆیان.
3. کارکردنی زیاتری وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە بابەتی چەك داماڵین لەو ناوچانەو دور خستنەوەی گروپە چەکدارەکان بەمەبەستی چەسپاندنی سەقامگیریی و ئاشتەوایی لەو ناوچانەدا
4. کارکردنی وەزارەتی نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە و وەزارەتی پلاندانان بۆ دوبارە ئاوادەنکردنەوە ئەو ناوچە کارەساتبارانەی دوچاری وێرانکاری هاتوون لە دەرئەنجامی جەنگی داعشەوە.
5. کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە پەیوەندیدارەکان بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی ئاوارەو پەنابەران لە هەرێمی کوردستاندا.
6. گرنگی دانی زیاتری وەزارەتی داد و لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە یاساکانی تایبەت بە توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و پێداوچونەوەیان، هاوکات هاوتەریب کردنی یاسا پەیوەندیدارەکان بە پرسەکانی توندوتیژی لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندا.
7. کارکردنی زیاتری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ناوخۆ، داد، ئەنجومەنی باڵای خانمان، بەمەبەستی باشترکردن و ئاسانکاری بۆ رزگاربووانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی و پرۆسەی چارەسازی، بەتایبەت خزمەتگوزارییە بنچینەییەکانی پاراستن و بەهاناوە چوونی قوربانیانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی.

ب/ راسپاردەکان

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پێویستی خزمەتگوزارییەکانی تایبەت بە ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستاندا.
2. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر چۆنیەتی گرێدانەوەی ئاوارەکان بە کۆمەڵگەی خانەخوێوە.

3. لە دوارۆژدا هەوڵبدرێت توێژەرانی ماستەر و دکتۆرا وردتر لەسەر ئەم بابەتە توێژینەوە ئەنجام بدەن بە نمونە تەنها لەسەر ئاستی تاك یان خیزان بێت.
4. ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر ئاستی هۆشیاری تاکەکان و کۆمەڵگە و لێبوردنی کۆمەڵایەتی و رێکخستەنەوەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی.
5. ئەنجام دانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر هۆکارە کلتوری و ئایینی و کۆمەڵایەتیەکانی توندوتیژی جۆری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

## سەرچاوەکان

أ/ سەرچاوە کوردیەکان:

1. ئاوات محمد. (2003). توندوتیژی خێزانیی، توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەیدانییە، لەسەر ژنانی شاری سلێمانی و قەزاکانی گەرمیان، رێکخراوی ئاسودە، سلێمانی.
2. ئەسوەد و سیوەلی. نەوزاد أحمد و لوقمان، (2016)، هاوسەرگیری پێشوەخت لە هەردوو کەمپی عەربەت و ئاشتی، سلێمانی.
3. ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد. (2015). فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتیەکان، چاپی یەکەم، سلیمانی، ناوەندی غەزەلنووس.
4. رشيد، عبداللە، سعيد، چيا فائق، سەنگەر حسام، ئارام تۆفیق، (2018)، پێوانەکردنی هاوسەرگیری پێشوەختە لە کەمپەکانی ئاوارەکانی تازەدێ و قۆرەتوو لە گەرمیان، رێکخراوە خەڵك بۆ گەشەپێدان و رێکخراوی تێراتیك، سلێمانی.
5. عومەر، یاسین. (2018) راگوزەرێك بە هەر سێ چەمکی مافی مرۆڤ، جێندەر و هاوڵاتیبووندا، سلیمانی ، PDO
6. گوانی، جەعفەر، (2012)، دە پرسیار لە بارەی مافەکانی ژن لە ئیسلامدا، رێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (CDO) و فریاگوزاری نێودەوڵەتی (IRC)، سلێمانی.

ب/ ماستەر نامەکان

1. حسين، توانا فريدون .(2008). هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا،نامەیەکی ماجستێری بڵاو نەکراوەیە، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
2. هواس، عمار نجم الدين. (2015). پەیوەندی راگەیاندن بە توندوتیژیەوە لە هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا، زتکۆی سەلاحەددین.

ج/ سەرچاوە عەرەبیەکان:

1. ابراهيم، عبداللە. (2008). البحث العلمی فی العلوم الاجتماعية ، بيروت، دار البيضاء.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. أبومصلح، عدنان . (2010 ) . معجم علم الإجتماع، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع.
3. ألاينس، هارتلاند. (2015 ). دليل المساعد الإجتماعي، المفاهيم الأساسية للعنف القائم على أساس النوع الإجتماعي وحماية الطفل، هارتلاند ألاينس و وكالة الأونروا.
4. بدوي، أحمد زكي. (1978). معجم مصطلحات العلوم الإجتماعية، مكتبة لبنان، بيروت،
5. بركات، حليم، 2006، المجتمع العربى المعاصر بحث استطلاعى اجتماعى، مركز درسات الوحدة العربية، ط9، بيروت.
6. حامد، عبدالناصر سليم.(2012) . معجم مصطلحات الخدمة الإجتماعية، الطبعة الأولى، عمان ،دار أسامة للنشر والتوزيع .
7. الحسن والزينى، احسان محمد وعبدالحسين. (1982). الاحصاء الاجتماعي، الموصل، دار الكتب.
8. الحسن، إحسان محمد(1999)، موسوعة علم الإجتماع، الطبعة الأولى، بيروت، الدار العربية للموسوعات.
9. سكوت و مارشال، جون ،جوردن .(2011). موسوعة علم الإجتماع، ، ترجمة: محمد الجوهري وآخرون ، الطبعة الثانية، المجلد الثاني، القاهرة ، المركز القومي للترجمة .
10. شكور، جليل وديع. (1997). العنف والجريمة، الطبعة الأولى، الدار العربية للعلوم، بيروت.
11. عبدالباقي، زيدان. (1972). التفكير الإجتماعي، نشأته و تطوره، القاهرة، دار النشر للثقافة.
12. عبدالعال، عادل. (1993). جرائم العنف وأنماطها ووسائلها والحد من إنتشارها، الأمانة العامة لمجلس وزراء داخلية العرب، تونس.
13. عبدالوهاب، ليلى. (2000). العنف العائلي، الطبعة الثانية، دارالمدى، سوريا
14. قنديلجى، عامر ابراهيم. (1993). البحث العلمى و استخدام مصادر المعلومات، بغداد، الجامعة المستنصرية.

د/ سەرچاوە ئینگلیزیەکان:

1. Bailey. A and Cuomo. C. (2008). The Feminist Philosophy Reader, McGraw-Hill.
2. Barkan. Steven E. (2012). Sociology, Brief Edition v,1,1.
3. EIGE.(2019). Forms of Violence
4. http://iraqdtm.iom.int 2019/8/2 بەرواری سەردان

https://eige.europa.eu/gender-based-violence/what-gender-based-violence/forms-gender-based-violence
5. https://iraq.unfpa.org/sites/default/files/pub-pdf/The%20Assessment%20of%20the%20Needs%20of%20%26%20Services%20Provided%20to%20GBV%20Survivors%20in%20Iraq.pdf 2019/11/15 بەرواری سەردان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6. IASC. (2006).Women, Girls, Boys and Men, Different Needs – Equal Opportunities, ,https://interagencystandingcommittee.org/system/files/legacy_files/women_girls_boys_men_different_needs_equal_opportunities_iasc_gender_handbook_for_humanitarian_action_english_language_.pdf
7. Scott. John. (2014). Oxford Dictionary of Sociology, fourth edition, Oxford University Press.
8. UNESCO. (2017) Displaced Person / Displacement, http://www.unesco.org/new/en/social-and-human-sciences/themes/international-migration/glossary/displaced-person-displacement/ accessed in 8/1/2019
9. UNFPA. (2018). Standered operating procedures, for prevention of and response to gender based violence in Kurdistan Region of Iraq, KRG.
10. UNHCR. (2006). Handbook for the protection of internally displaced persons.

## ملخص البحث

إن موضوع العنف بصورة عامة و العنف النوع الاجتماعي بصورة خاصة من المواضيع المنتشرة في يومنا هذا و له تأثير سلبي على كل المجريات في المجتمع. إن الحديث عن العنف إنما هو حديث عن مجمل الصفات التي توجد في لغة و تقاليد المجتمع. حول الفوارق الجنسية بين الذكر و الانثى يعني وجود قوة كامنة تهدف الى تذكير و تأنيث الاجناس و إعادة إحيائهما لكن بصورة إجتماعية. و في النتيجة فأنه خلق تأثيرا ذكوريا و بالتالي أدى إلى ظهور مجموعة من الرموز الثقافية و التي هي تصب في مصلحة الذكور و سلطة الرجال.

جدير بالذكر إن الذي يؤدي إلى تعميق هذا التأثير هو الحروب و القتال و النزوح و بصورة خاصة بين النازحين. صحيح أن النازحين تركوا أماكن عيشهم لكنهم لم يتركوا ثقافتهم بل أخذوها معهم إلى المخيمات أو الأماكن الامنة و نتيجة لذلك و بسبب خوفهم على ثقافتهم فإن مجموعة من النازحي المخميات قد تمسكوا بثقافتهم.

ليس من السهل أن نعلم الكثير حول تأثير الثقافة و التقاليد على إزدياد العنف النوع الاجتماعي مثل: الزواج المبكر و الأنواع الأخرى من العنف، لذلك فأن الحديث عن النظام الاجتماعي إنما هو حديث عن كل الاتفاقات الجماعية التي سمتها المجتمع بالثقافة و أعطاها رموزا ثقافيا. إن جزأ من النظام الاجتماعي إنما هو نتيجة للدين و التاريخ و التجربة الإنسانية و تعطى لها طابعا دينيا و إن أخطر ما في هذا النظام هو الدخول المباشر و بمرور الزمن تصبح جزأ من نفسية الافراد و اعرض نفسها و كأن الفرد لا يفعل شيئا سلبيا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و يظهر هذا في بشكل واضح في الزواج المبكر و تعدد الزوجات و ختان الاناث و حرمانهم من التعليم و الأهم من ذلك قتلهن باسم الحفاظ على الشرف.

إن خطر هذه العوامل على النظام الاجتماعي تكمن في أنه يظهر نفسه بأس الثقافة تارة و باسم الاخلاق تارة أخرى كما يزيد من سلطته و يصبح المحافظ على الشرف و نجده أحيانا أخرى كمتحدث باسم الله و باسم الدين و يظهر في الحياة و يحدد الحلال و الحرام و يحيط بنفسه مجموعة من الصفات المبجلة، الصفات الدينية و الأخلاقية و الثقافية و الوطنية و ذلك تحت إسم الهموم و المصلحة العامة، كما أنه يتدخل في التفاصيل الخاصة للأفراد كختان الاناث على سبيل المثال. إن هذه العوامل تحدثنا عنها إنما هي جزء من خلق فضاء إجتماعي و عدلي غير مستقر و تؤدي إلى إبعاد صفة الإنسانية من الانسان و هذا ما يخلق تأثيرا سلبيا على مجمع مستويات (الفرد، العائلة، المجتمع).

في النتيجة يجوز أن تصبح هذه العوامل سببا لخلق التهديد و الخطر على النظام الاجتماعي و تفكك الروابط العائلية. إن الذي يزيد الطين بلة هو أن نزوح و الحروب و القتال، إذا أين يوجد الحرب، يوجد القتل و التهديم و النزوح، إن هذه العوائل التي هي ضحية العنف بصورة عامة قريبة من أن تخلق العنف مرة أخرى ضد أفراد العائلة و المجتمع. جدير بالذكر إن هذا البحث يحتوي على الجانب النظري و العملي و يقوم بإجراء تحليل إجتماعي لأسباب العنف النوع الاجتماعي و علاقته بالنظام الاجتماعي و المجتمعي، كما جرى اللقاء مع نازحي محافظة الموصل الموجودين في مخمي (خازر M1 و حسن شامU2).

## Causes behind of Gender Based Violence

An Empirical Study on Internally-Displaced People from Mosul

**Abstract**

**Ali Zedan Ahmed, Department of Sociology, College of Arts, Salahadin university, Erbil, Iraq**

**Zana Ahmad Perdawd, , Department of Sociology, College of Arts, Salahadin university, Erbil, Iraq**

**Sabah Ahmed Mohamed Najar, Department of Sociology, College of Arts, Salahadin university, Erbil, Iraq**

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Violence in general and gender-based violence in particular are topics of much interest and concern today especially because they pose a threat to social cohesion and other aspects of the public life. Studying violence by default includes investigating the society as a whole including culture, language, and tradition. Violence based on gender attempts to assign roles to individuals in society based on their social gender. As a result, many societies have been dominated by a patriarchic system where males have benefited and females have been victimized.

In abnormal circumstances such as at times of war, displacement and political unrest, gender-based violence seems to be especially commonly practiced amongst displaced people and refugees, primarily because this type of violence is deep rooted in culture, regardless of status or location. When the political system is at risk, people tend to adhere to their social traditions perhaps as a protective measure.

The behavioral consequences of old traditions and dogmatic thinking are evident in different types of acts of violence such as forced marriage, underage marriage, punitive beating and denial of access to education and health care. These acts are practiced commonly and have been accepted as normal behaviors as a result of their long-standing tradition in the social and perhaps religious establishment. They have been internalized and accepted as norms. Consequently, their execution does not bring about feelings of guilt or wrongdoing. Therefore, although acts of violence are dominant, little reaction is generated from society and public institutions.

The main implications of the presence of this type of violence and its behavioral manifestations are that the perpetrators present their acts as legitimate and themselves as guardians of social norms and even sacred religious values. As such, they represent a social authority protecting social and religious systems and public interest. They therefore do not shy away to interfere in people’s most private matters such as female genital mutilation and relationships. They altogether might lead to social disintegration, injustice, deprivation and inability affecting all layers of society.

Once practiced over a lengthy period of time and established as accepted norms, gender-based violence poses a serious threat on social cohesion and family structure exacerbated by displacement and war. Families and individuals who experience gender-based violence might be more susceptible to practice them on others. This

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٥) – ژمارە(٢)، بەهاری ٢٠٢٠
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

study investigates gender-based violence from a theoretical and practical perspective and using a sociological stance to identify the types of gender-based violence, its relation to the social system and cohesion. The study involves participants from two internally-displaced camps in Khazer M1 and Hasan Sham U2. The data were collected through interviews with displaced people from Mosul in these two camps.